# کاریگەری بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان لە باخچەکانی شاری سلێمانی

خەندە علی حمە امین[1] - پ.د. سابیر بەکر مستەفا[2] - پ.ی.د. یۆهان عثمان حمە حسێن[3]

[1،3]بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختەی توێژینەوە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتیبو لە زانینی ئاستی ئاشنایی منداڵانی باخچە بە مافەکانیان، هەروەها کاریگەری بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان و کاریگەربونی بە گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن).

توێژەر ڕێبازی ئەزمونی بەکارهێنابو، کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتیبو لە باخچەی منداڵانی (کورد جینیەسی/١) لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا لە ناوەندی شاری سلێمانی، نمونەی توێژینەوەکە بریتیبو لە (٣٠) منداڵی باخچەی ناوبراو کە تەمەنیان لە نێوان (٤-٥) ساڵاندا بو، بەشێوەی مەبەستدار هەڵبژێردرابون، ئامرازی بەکارهاتو بریتیبو لە چاوپێکەوتنی تاکەکەسی، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست کە ئاستی ئاشنایی منداڵانی باخچە بە مافەکانیان لە ئاستێکی نزمدایە، هەروەها دەرکەوت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان تاقیکردنەوەی پێشەکی و تاقیکردنەوی پاشەکی و قەبارەی جیاوازیەکەش لە ئاستێکی بەرزدابو، جیاوازیەکەش لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشەکیدا بو، ئەمەش دەریدەخات بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی کاریگەری هەبوە لە ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان، هەروەک دەرکەوت گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن) هیچ ڕۆڵێکیان نییە لەسەر کاریگەریی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە ئاشناکردنی منداڵانی باخچە بە مافەکانیان.

**کلیلە وشە**: ڕاگەیاندن، ڕاگەیاندنی پەروەردەیی، مافەکانی منداڵان، منداڵی باخچە.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(4).Paper27
**Received:** 04-Sep-2022
**Accepted:** 8-Nov-2022
**Published:** 29-Dec-2023

**Corresponding Author's E-mail:**
xandddaali@gmail.com
sabir.mustafa@univsul.edu.iq
yohan.hama@univsul.edu.iq

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

قۆناغی منداڵیی بەرایی بەوە جیادەکرێتەوە تێیدا گەشەیەکی بەردەوام و توانایەکی بەرزی بۆ فێربون و وەرگرتنی کارامەییەکان هەیە، بەو پێیەی کە ساڵەکانی پێش خوێندنگا بە بنەمایەکی سەرەکی دادەنرێن لە فێربونی هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان و بەهاکاندا، هەر بۆیە دەبێت منداڵان لەم قۆناغەدا ئاشنابکرێن بەمافەکانیان بەشێوەیەکی کردەیی تاوەکو ئامادەبن بۆ ئەزمونکردنی، فێرکردنی منداڵان لەباخچە بە ئامانجی تێگەیشتنیانە لەیەکتر و ڕێزگرتنیانە لە خودی خۆیان و لە بەرامبەر، هەروەک فێری بەستنی پەیوەندی دەبن لەگەڵ یەکتردا لەمیانەی ئەم گەیاندنەوە، منداڵانی باخچە مافی خۆیانە کە پەرە بە توانا جەستەیی و داهێنەرەنەکانیان بدرێت و پاراستنی ئەم مافانەش لە ئەستۆی چاودێریکاران و بەخێوکاران دایە، هەروەک ڕۆڵی پەروەردەکاران لە باخچە گرنگییەکی زۆری هەیە لە جێبەجێکردن و ناساندنی مافەکان بە منداڵان. پەیڕەوی باخچەی منداڵان، کە یەکەم شارەزایی بەرنامە بۆ داڕێژراوە و منداڵ پێیدا تێپەڕدەبێت، مەبەست لێی دروستکردنی کەسێتییەکی تەندروستە، هەروەک بەسەرچاوە و ناوەندێکی بەپیت دادەنرێت بۆناساندنی منداڵ بەمافەکانی و ئاشنابونی وئەزمونکردنی مافەکانی خۆی، هەربۆیە لەم ڕووەوە دەتوانین بەخاڵی سەرەتای ئاشنابونی منداڵ بەمافەکانی خۆی و هەمو مرۆڤەکانی دیکەی دابنێین، بەو پێیەی کە ئامانجەکانی پەیڕەوی باخچە ئاراستەی سەرەکین بۆ بەرکەوتنی منداڵ بە زانیاری و بیرۆکەو چالاکی و ئەزمونکردنی پێویست بۆ فێربون و دیاریکردنی شێوازە گونجاوەکانی کاراکردن و ئەزمونکردنی مافەکانی خۆی. مافەکانی منداڵ بە بەشێ لەمافەکانی مرۆڤ دادەنرێ کە چاودێری تەمەن و پێداویستییە تایبەتیەکانیان دەکات، هەمو منداڵێ کۆمەڵە مافێکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە دەبپارێزیت لە هەر مەترسی و خراپ مامەڵەکردنێک بەبێ گوێدانە ڕەچەڵەک و ڕەنگ و ناسنامە و بیروباوەڕ، سروشتی منداڵ وایە کە حەز بە بەشداریکردن دەکات بەو پێیەی بەشداریکردنیش یەکێکە لە مافەکان منداڵ بۆی هەیە لە کردەی گەشە و ناسنامە و دیاریکردنی چارەنوسی خۆیدا بەشداربێت، چونکە لە ئەزمونکردنی ئەم مافانەدا مرۆڤ بونی خۆی بۆخودی خۆی و بۆ کۆمەڵگاکەشی دەسەلمێنێت (منصور،٢٠١٤ :٣٠).

ئاراستەی پسپۆڕانی بواری پەروەردە بەرەو ئەوە دەڕوات کە سود لە تەکنیکەکانی ڕاگەیاندن و ئامرازەکانی وەربگرن، هەربۆیە گرنگی زیاتر درا بە خستنەگەڕی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە بوارەکانی پەروەردەو فێرکردندا لە کەسێتی منداڵ و دروستکردنیدا لە چوارچێوەی ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆجیا بەرفراوانەی کە هاتۆتە ئاراوە، ڕاگەیاندن و فێرکردن کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئامانجی هەردوکیان دروستکردنی گۆڕانکارییە لە ڕەفتاردا و بەو هۆیەشەوە گرنگیدان بە ڕاگەیاندن لەناو دامەزراوە پەروەردەییەکاندا بۆتە کارێکی گرنگ کە دواتر بە ڕاگەیاندنی پەورەردەیی ناسێنرا، کە ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە دروستکردنی بەهای ڕەفتاریی لای منداڵان، ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە ڕێگەی ئامرازە پێشکەوتوەکانیەوە گرنگیدەدات بە دروستکردنی ئاراستە ئەرێنییەکان و بڵاوکردنەوەی بەها پەروەردەییەکان لە ناو کۆمەڵگای خوێندنگاو ماڵ و شەقام بەئامانجی هۆشیارکردنەوە دەربارەی ڕەفتارە ئەرێنیەکان و چۆنێتی بەدیهێنانی لای منداڵان و دروستکردنی کاریگەری ڕاستەوخۆی لە

سەر کەسێتی منداڵ و ڕێکردنەوەی ڕەفتار هەیە بە پشت بەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و تەکنیکە نوێیەکان (البلهان و أخرون،٢٠١٩: ٥٦٩).

## کێشەی توێژینەوەکە:

پەیرەوی باخچەی منداڵان یەکەم شارەزایی بەرنامە بۆ داڕێژراوە و منداڵ پێیدا تێپەڕدەبێت و مەبەست لێی دروستکردنی کەسێتیەکی تەندروستە، هەروەک بە سەرچاوەو ناوەندێکی بەپیت دادەنرێت بۆ ناساندنی منداڵ بەمافەکانی و ئاشنابونی و ئەزمونکردنی مافەکانی خۆی، هەربۆیە لەم ڕووەوە دەتوانین بەخاڵی سەرەتای ئاشنابونی منداڵ بەمافەکانی خۆی و هەمو مرۆڤەکانی دیکەی دابنێین، بەو پێیەی کە ئامانجەکانی پەیرەوی باخچە ئاراستەی سەرەکین بۆ بەرکەوتنی منداڵ بەزانیاری و بیرۆکەو چالاکی و ئەزمونکردنی پێویست بۆ فێربون و دیاریکردنی شێوازە گونجاوەکانی کاراکردن و ئەزمونکردنی مافەکانی خۆی.

بەو واتایەی هەوڵبدرێت کە بەپێی بەرنامەیەکی مەبەستدار لەم قۆناغەدا منداڵ ڕوبەڕوبونەوە و بەرکەوتنی هەبێت لەگەڵ هەڵوێستە ئەرێنی و ئاراستە خوازراوەکان و خەسڵەتە کەسێتیە پەسەندەکان. یەکێک لەو بابەتانەش کە دەتوانێت لەو ڕوانەوە خزمەت بە منداڵانی ئەم قۆناغە بکات ئاشناکردنی منداڵانە بەمافەکانیان کە دەبنە بنەمای پێگەیشتن و بەرەو پێشچونی کۆمەڵێک کارامەیی لە گرنگترینیان: ئاشنابونی منداڵە بەو فەرهەنگە وەک فەرهەنگێکی جیهانی هاوبەشی نێوان کەلتورە جیاوازەکان و، پەرەپێدانی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان و چۆنێتی مامەڵەکردن و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاو و بەشداریکردن لە بڕیاردان لە هەمو ئەو بابەتانەی کە پەیوەندی بەخۆیەوە هەیە، ئەمە جگە لەوەی کە پاڵنەرێکی باش دەبێت بۆ کردەی فێربون لای منداڵ و داواکردنی زانیاری، هەروەها دەبێتە مایەی فەراهەمکردنی کەشێکی ئارام و ئاسودەو پارێزراو لەو ناوەندانەدا کە تایبەتە بە منداڵان بەو پێیەی هەمو منداڵان لەگەڵ ئاشنابونیان بەمافەکانیان بەرپرسیاریەتیەکانی سەرشانیشیان بۆ ئاشکرادەکرێت، کە سەرەکیترینیان ڕێزگرتنی مافی ئەوانی دیکەیە.

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر دەیەوێت ئەو ڕۆڵ و کاریگەریەی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی هەیەتی لە قۆناغی منداڵی بەرایی و لە گەیاندنی زانیاری دەربارەی مافەکانی منداڵان ئەزمون و پێوانە بکات، بەشێوەیەکی گشتیش کێشەی توێژینەوەکەی چڕکردۆتەوە لەپرسی: ئایا لە باخچەکانی منداڵاندا ڕاگەیاندنی پەروەردەیی کاریگەری هەیە لەسەر ئاشناکردنی منداڵانی باخچە بە مافەکانیان؟ ئایا گۆڕاوەکانی ڕەگەز و تەمەن و ڕیزبەندی منداڵ و ئاستی بڕوانامەی دایک و باوک کاریگەری هەیە لەسەر ئاشنا بونی منداڵ بەمافەکانیان لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی پەروەردەییەوە؟

## گرنگی توێژینەوەکە:

قۆناغی منداڵی بە گرنگترین قۆناغەکانی تەمەن و گەشەی منداڵ ئەژماردەکرێت، و زۆرترین کاریگەری لەسەر ژیانی مرۆڤ دادەنێت، چونکە ئەم قۆناغە بەدروستبون و ئامادەکردن و وێناکردنی شێوەکانی کەسێتی و

دیاریکردنی گەشەی جەستەیی و ئەقڵی و کۆمەڵایەتی دادەنرێت، بەو پێیەی قۆناغی منداڵی بەکەمی شارەزایی منداڵان دەناسرێت، هەر بۆیە لێرەدا هەلێکی گونجاو دێتە ئاراوە بۆئەوەی کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کاری خۆیان بکەن بەپێدانی زانیاری لەزانین و کارامەیی زمانەوانی و فێرکردنی بەهاونەریتە ئەرێنیەکان (صالح،٢٠١٥، ٤٤).

قۆناغی منداڵی بەوە جیادەکرێتەوە کە گەشەیەکی بەردەوام و توانایەکی بەرزی بۆ فێربون و وەرگرتنی کارامەییەکان هەیە، بەو پێیەی کە ساڵەکانی پێش خوێندنگا بە بنەمایەکی سەرەکی دادەنرێ لە فێربونی هەڵویستە کۆمەڵایەتییەکان و بەهاکان هەر بۆیە دەبێت منداڵان لەم قۆناغەدا ئاشنا بکرێن بەمافەکانیان بەشێوەیەکی کردەیی تاوەکو ئامادەبن بۆئەزمونکردنی، مەبەست لە فێرکردنی منداڵان لە باخچە بە ئامانجی تێگەیشتنیانە لەیەکتر و ڕێزگرتنیانە لە بەرامبەر، هەروەک فێری بەستنی پەیوەندی دەبن لەگەڵ یەکتردا لەمیانەی ئەم گەیاندنەوە، منداڵانی باخچە مافی خۆیانە کە پەرە بە توانا جەستەیی و داهێنەرەنەکانیان بدرێت و پاراستنی ئەم مافانەش لە ئەستۆی چاودێریکاران و بەخێوکاراندایە، هەروەک ڕۆڵی پەروەردکاران لە باخچە گرنگییەکی زۆری هەیە لە جێبەجێکردن و ناساندنی مافەکان بەمنداڵان.

شارەزایی منداڵان لەم قۆناغەدا گرنگیەکی زۆری هەیە، هەروەک لە توێژینەوە بەدواداچونییەکان کە ماوەی (٢٣) ساڵی خایاند، کە تیایدا بە دواداچونیان بۆ ئەو منداڵانە کرد کە ڕوبەڕوی زۆرترین شارەزایی بونەتەوە لە قۆناغی منداڵی بەراییدا، سەلماندویانە کە شارەزاییەکانی منداڵان لە قۆناغی منداڵی بەراییدا کاریگەریەکی زۆر دادەنێت لەسەر لایەنەکانی کەسێتی و ئەقڵی و ویژدانی و کۆمەڵایەتی لە داهاتودا (بدیر،١٨،2014).

ئەزمون و شارەزاییە هونەرییەکانی پەیوەندیدار بە قۆناغی منداڵی بەرایی بەوە جیادەکرێنەوە کە بە تێپەڕبونی کات لە گۆڕاندان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەمەچەشنیی ئاراستە کۆمەڵایەتییەکان کە کاریگەریان هەیە لەسەر منداڵان و باوانیان، دەبێتە مایەی گۆڕانکاری لە بەڕێوەبردن و بایەخبەندی لە سەرپەرشتیکردن و فێرکردنی منداڵاندا، هێنانە کایەی بوار و پەیڕەوی فێرکاری و شێوازی پەروەردەیی نوێ ئەمە جگە لەو توێژینەوە نوێیانەی کە لەو بوارانەدا ئەنجام دراون برەودان بە مافەکانی منداڵان لە قۆناغی منداڵی بەراییدا دەبێتە مایەی هاتنە کایەی کۆمەڵێک ئاڵەنگیری بۆ باوان و بەرپرسانی منداڵ، هەروەک چۆن ئەم ئاڵەنگیریانە ڕوبەڕوی خودی منداڵیش دەبنەوە و پێگەیشتنیان دەربارەی ڕۆڵیان لەناو خێزان و خوێندنگە و کۆمەڵگاکانیان گۆڕانکاری تێدا دروست دەبێت، دەوڵەتانی بەشدار هانی ڕاهێنانێکی بە پەیڕەوی منداڵان و باوانیان و فەرمانبەران و هەر کەس و لایەنێکی دیکەی پەیوەندیدار بەکار و باری منداڵانەوە دەدەن، ئەمە جگەلە بەرپاکردنی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی گشتیی کۆمەڵگا (الامم المتحدة،٢٠٠٥: ٢١).

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبو لە زانینی ئاستی ئاشنایی منداڵانی باخچە بە مافەکانی منداڵان، هەروەها زانینی کاریگەری ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە ئاشناکردنی منداڵانی باخچە بەمافەکانیان، و کاریگەری گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن) لەسەر ئەو ئاشنابونە.

## سنوری توێژینەوەکە:

سنوری مرۆیی: منداڵانی باخچەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی شاری سلێمانی.

سنوری جوگرافی: باخچەی ناحکومی (کوردجینیەسی/١) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی ڕۆژئاوا.

سنوری کاتی: ساڵی خوێندنی ٢٠٢٢ ــ ٢٠٢٣.

## چەمک و زاراوەکان:

**ڕاگەیاندن:** پرۆسەیەکە کە تیایدا تاک (نێرەر) ئاگادارکەرەوەیەک (هێمای زمانەوانی، جوڵە، ئاماژە) دەنێرێت، تاوەکو لە ڕێگەیەوە ڕەفتاری تاکەکان (وەرگرەکان) هەمواربکاتەوە (کرکوکی، ٢٠٠٨: ٥)**.**

**ڕاگەیاندنی پەروەردەیی:** بەگەڕخستنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنە لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان و لەژێر ڕۆشنای ڕامیاری هەریەک لە بوارەکانی فێرکاری و ڕاگەیاندن (حوامدة، ٢٠١٨: ٢٥).

**منداڵ:** زادەی مرۆڤی تازە لەدایک بوە تا دەگاتە تەمەنی پێگەیشتن، بە هەردو ڕەگەزی نێر و مێوە (Oxford:2006: 203).

**مافی منداڵ:** کۆمەڵە یاسایەکی گشتگیرە بۆ پارێزگاریکردن لەمنداڵ و خۆشگوزەرانیان، کە لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بڕیاری لێدراوە و پێویستکراوە پاڵپشتیان لێبکرێت و بەئەنجام بگەیەنرێن (الزبون و اخرون،٢٠١٦: ٧٣٢).

**باخچەی منداڵان:** دامەزراوەیەکی فێرکردنی حکومی یان ئەهلییە، ئەو منداڵانە وەردەگرێت، کە تەمەنیان پێش قوتابخانەی سەرەتاییە، ئەو ئۆرگانە بنەڕەتیەیە کە منداڵ لە ژینگەی ماڵ و خێزانەوە دەگوازێتەوە بۆ قۆناغی بەدەستهێنانی ژیانی تایبەت، بۆیە پێویستە ئەم ئۆرگانە تەواوکاری ماڵەوە بێت بەو چەشنەی منداڵ لەوێ هەست بەدڵنیایی و متمانە و ئارامی بکات (بۆکانی،٢٠٢٠: ٥٦).

## ڕاگەیاندنی پەروەردەیی

یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی ڕاگەیاندن بریتییە لەو توانایەی کە کاردەکاتە سەر تێڕوانین و دنیابینینمان بەتایبەت ئەم کاریگەرییە لەسەر منداڵانی پێش خوێندنگا دەگاتە ئەوپەڕی خۆی، بەجۆرێک کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەکو دامەزراوەیەک لەدامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لەم قۆناغەدا ڕۆڵی خۆی دەگۆڕێت و کاریگەرییەکی گەورەی دەبێت لەسەر دروستکردنی هۆشیاری لای منداڵان و پەیبردنیان بە هەمو ئەو بونانەی کە لە چواردەوریدا هەن و پەیوەندیان پێوەی هەیە، هەروەکو چۆن وەک ئامرازێک لە ئامرازەکانی فێرکاری ڕۆڵێکی کارایان هەیە لە فێرکردنی کارامەییە هەست و زمانەوانییەکان لای منداڵ.

هەروەها ئامرازەکانی ڕاگەیاندن تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی وەکو بنەمایەک بۆکارکردنیان لەبواری منداڵاندا لەبەرچاودەگرن بەمەبەستی پاراستنیان لەو بەرکەوتنە کۆمەڵایەتیانەی کە لەگەڵ جیهانی دەرەوە و تەنانەت ژینگەی خیزانیشدا ڕوبەڕوی دەبنەوە. لەگەڵ ئەوەی لە سایەی هەژمونی ڕاگەیاندنی ژمارەییەوە ڕاگەیاندنی بینراو تارادەیەک پاشەکشێکردنی پێوە دیارە، بەڵام هێشتا هەر ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە پێگەیاندنی منداڵاندا بەو پێیەی کە بەشێوەیەکی بەردەوام و بەڕادەیەکی زۆر بەردەستە بۆ منداڵان، ئەمە جگەلەوەی کە ڕاگەیاندنی ژمارەیش هاوکارێکی باشی بڵاوبونەوە و پەخش کردنیەتی (عبدالنعیم،٢٠٢٠: ٤١٩٧).

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەهۆی سروشت و کارلێکردنی مرۆڤ لەگەڵیدا بە ئامرازێک لە ئامرازە پەروەردەییەکان هەژمار دەکرێن بەو پێیەی ڕەنگ دەرەوەی کۆمەڵێک لایەنی ڕۆشنبیری کۆمەڵگای گشتیە، دەتوانێت گۆڕانکاری بەدیبێنێت لە ڕوانگەو پەیپێبردنەکانی وەرگرەکانیدا، هەروەها دەتوانێت بەها و ڕۆشنبیری تایبەتیان تێدا بچێنیت بە جۆرێک کە بتوانێت لەگەڵ سەردەمی هاوچەرخدا بیانگونجێنێت و ئاشنایان بکات بە چۆنێتی مامەڵە و کارلێککردن لەگەڵ پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆجییەکان (علی، ٢٠١٦: ٧٥٣).

بەشێوەیەکی گشتیش ئاستی کاریگەربونی منداڵان بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەکەوێتە ژێر هەژمونی چەند کارتێکەرێکی دیکە هاوشان لەگەڵ جیاوازی تاکایەتی نێوان منداڵان، کە لە گرنگترینیان بریتین لە:

1. جۆری گەیاندنەکە و هێز و توانای لە ڕاکێشانی سەرنجی منداڵ کە ئەوانیش بەم جۆرە دابەشبون:
- ئامرازی ڕاگەیاندنی بیستراو: ئەو ئامرازانەن کە پشت بە هەستی بیستن دەبەستن وەک ئێستگە و کاسێتی تۆمارکردن کە کاریگەری بەڕێژەی (٢٠٪-٣٠٪) لەسەر منداڵ دادەنێن.
- ئامرازی ڕاگەیاندنی خوێندراو: ئەو ئامرازانەن کە پشت بە وشە دەبەستن وەک ڕۆژنامەکان و کتێب و گۆڤار کە کاریگەری بەڕێژەی (١٠٪-٢٠٪) دادەنێن لەسەر منداڵ.
- ئامرازی ڕاگەیاندنی بیستراو و بینراو: ئەو ئامرازانەن کە پشت بەهەردو هەستی بینین و بیستن دەبەستن لەیەک کاتدا وەک تەلەڤزیۆن و سینەماو شانۆ کە کاریگەرییان لەسەر منداڵ بەڕێژەی (٦٠٪-٧٠٪) کە بەرزترین ڕێژەی هەیە.
- ئامرازی ڕاگەیاندنی چەسپاو: ئەمانەش ئامرازی ڕاگەیاندنن خەڵک ڕویان تێدەکات بۆ سود وەرگرتن وەک پێشەنگاو شانۆو مۆزەخانە.
2. تەمەنی منداڵ و پاشخانە ڕۆشنبیریەکەی و ژینگە کۆمەڵایەتیەکەی.
3. جۆری ئەو پەیامانەی کە لە ڕێگەی بابەتە ڕاگەیاندنییەکانەوە پێشکەش بە منداڵان دەکرێت، ئەمە بەگرنگترین دۆز دادەنرێت، بەو پێیەی منداڵ داهاتویەکی باشە بۆ هەمو ئەو شتانەی بۆی دەنێردرێت بەتایبەت ئەگەر هاتو بابەتەکە سرنجڕاکێشی و وروژێنەری منداڵی لەخۆگرتبو.
4. ماوەی ئەو کاتەی کە بەسەری دەبات لەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا، کە بە ماوەی (٥-٦) کاتژمێر لە ڕۆژێکدا دەخەملێنرێت (محمد،٢٠١٤: ٤٣٣) (فاروق و کەلاری،٢٠١٣: ٤٢).

پسپۆڕان كۆمەڵێك لێكدانەوەی هەمەجۆریان هەیە دەربارەی چەمكی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی كە لەوانە، ڕاگەیاندنی پەروەردەیی واتا بەها پەروەردەیی و ئاكارییەكان لەپەیامێكی ڕاگەیاندنیدا، و زانیاری تایبەت بەكردە پەروەردەییەكان، و ڕێگاكانی كۆد كردنەوەی و پێرست و بڵاوكردنەوەیان، هەروەها واتای كۆمەڵێ بەرنامەی پێشكەشكراوە لەلایەن ئامرازە فێركارییە جیاوازەكانەوە، ڕاگەیاندنی پەروەردەیی واتە بەكارهێنانی سەرجەم شێوازە تەكنەلۆجییە تازەكان وەك ئامرازە گەیاندنەكانی (بینراو و بیستراو و خوێنراو) بۆ هۆشیاركردنەوە لە ڕێگەی بۆچون و زانیاری شارەزایی و بیروباوەڕ و ئاراستەكان لە پەروەردەو زانست و ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتی. هەمو ئەمانەش لەڕێگەی گەیاندنی جەماوەریەوە یاخود گەیاندنی كەسی دەبێت بەهەر یەكێك لە ئامرازە تازەكانی گەیاندن (بیسترا و یاخود بینراو یان خوێنراو) بێت (امبابی،٢٠٠٧: ١٤).

## ئامانجەكانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی:

هەرچەندە ئامانجەكانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی هەمەجۆر و جیاوازن بەگوێرەی جیاوازی ئامرازی بەكارهاتو و فەلسەفەی پەروەردەیی سیستەمەكان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمویان هاوبەشن و یەكدەگرنەوە لە كۆمەڵێك ئامانجی گرنگدا، لەوانەش:

1. بەشداریكردن لە بەدیهێنانی ئامانجە ڕامیارییەكانی فێركردن لەڕێی ئامرازە جیاوازەكانی ڕاگەیاندنەوە.
2. پەرەپێدانی ئاراستە ڕەفتارییەكانی بونیادنان و نمونە باڵاكان لەناو كۆمەڵگادا.
3. تیشك خستنەسەر كێشەكانی كۆمەڵگا و كاركردن لەسەر بڵاوكردنەوەی هۆشیاری پەروەردەیی لەبارەیانەوە.
4. چاودێریكردنی ئامرازەكانی گەیاندنی جەماوەری و سودوەرگرتن لە تێڕوانینە زانستییەكان و وەستان لەسەر داواكارییەكانی ئەو بوارە لەڕێگەی ئەو زانیاریانەی كە پەخشی دەكات.
5. بایەخدان بە بابەت و كێشە پەروەردەییەكانی پەروەردە و خوێندكارو چارەسەركردنیان لەڕێی ڕاگەیاندنەوە.
6. دەرخستنی ڕۆڵی خوێندنگا و ئاماژەپێدانی وەك هۆكارێكی سەرەكی بۆ پەروەردەو فێركردن.
7. گرنگیدان بەهەمو ڕەگەزە كردەییەكانی فێركاری: مامۆستا –خوێندكار- پەیڕەوەی خوێندن –بینای خوێندنگا- بەخێوكەری خوێندكار.
8. پەیوەندی بەستن لەگەڵ كۆمەڵگادا لەڕێگەی بڵاوكردنەوەی هەواڵەكان و دەوڵەمەندكردنی ڕای گشتی بەزانیاری دروست دەربارەی بەرنامە و پرۆژە فێركاری و پەروەردەییەكان كە دەبێتە بەدیهێنەری بەرپرسیاریەتی كۆمەڵ لە كاری پەروەردەییدا.
9. بەكارهێنانی هونەرو ئامرازەكانی ڕاگەیاندن لەناو خوێندنگادا وەك هاوكاریەك بۆ پەرەپێدانی بەهرەكانی خوێندكاران و یارمەتیدانی مامۆستایانیش لە گەیاندنی زانیارییەكان و پاڵپشتیكردنی بەها پەروەردەییەكان بە شێوازێكی سەرنجڕاكێشتر.

10. هاندانی ئەزمونە پەروەردەییە نوێكان و بڵاوكردنەوەی داهێنانی مامۆستایان و خوێندكاران، هەمو ئەندامانی خێزانی پەروەردەو فێركردن لە ڕێگای كەناڵە جیاجیاكانی ڕاگەیاندنەوە (الدیهی،٢٠١٥:٢٩٣).
11. ئاشناكردنی خوێندكاران لەگرنگی ڕاگەیاندن و كارەكانی لە ناوكۆمەڵگادا.
12. پەرەپێدانی توانای خوێندكار لە تێگەیشتن لەكردەی گەیاندن و بەكارهێنانی سەرجەم شێوازە جیاوازەكانی گەیاندن (الصعیدی،٢٠٠٥: ٦١).

## مافەكانی منداڵان

ڕێكەوتننامەی نێودەوڵەتی مافەكانی منداڵان كە لەلایەن كۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەكگرتوەكان بەبڕیاری ٤٤/٢٥ لەڕێكەوتی (١٩٨٩/١٠/٢٠) بڕیاری لەسەر دراوە و پاش كەمتر لەساڵێك و لە ڕێكەوتی (١٩٩٠/٩/٢) چوە قۆناغی جێبەجێكردنەوە (Theis, 2018: 6). ڕێكەوتننامەكە لە دیباجەیەک و (٥٤) ماددە پێكهاتوە كە بەرژەوەندیە باڵاكانی منداڵ ئامانجی بنەڕەتییە تیایدا و، دابەشبون بەسەر سێ بەشداو ماددەكانی (١ ـ٤١) تایبەتە بەمافە بنەڕەتییەكانی منداڵان و ماددەكانی (٤٢–٤٥) تایبەتە بەدواداچونی دەوڵەت و لێپرسراوێتی سەبارەت بە ماددەكانی ناو ڕێكەوتننامەكە بەمەبەستی دڵنیابون لە جێبەجیكرنییان، هەروەک ماددەكانی (٤٦ـ54) تایبەتە بە ڕێكارییەكانی ڕاستاندن، دواتر ڕەزامەندی درا لەسەر دو پرۆتۆكۆلی هەڵبژاردەیی لەلایەن كۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەكگرتوەكان لە ساڵی (٢٠٠٠)دا و پاشان زیادكران بۆ ماددەكانی ناو ڕێكەوتننامەكە (منتدى اتفاقیە حقوق الطفل، ٢٠٢٠: ٩). بە گشتی (١٩٩) وڵات بەشداریان كردوە لەم ڕێكەوتننامەیەدا كە لە نێویاندا ئەمەریكای تێدا نییە، ڕێكەوتننامەكە دەوڵەتانی بەشداری ناچاركردوە كە كار بكەن بۆ دابینكردن سەرجەم مافەكانی منداڵانی خوار هەژدە ساڵ دور لەجیاكاری (العبیدی،٢٠١٨: ١١٣).

بەگشتی ڕێكەوتننامەی مافەكانی منداڵ كۆمەڵە یاسایەكە بۆ پاراستنی مافەكانی منداڵ، هەمو ئەو مادانەی لەناو ڕێكەوتننامەكەدا هاتون سەرجەم منداڵان دەگرێتەوە لە هەمو دەوڵەتانی بەشدار لەناو ڕێكەوتننامەكە، جیاوازی نییە ئەگەر منداڵەكە لەدایكبوی هەمان وڵات بێت یاخود پەنابەربێت، دەبێت هەمو مافەكانی بۆ دابینبكرێت، واتە منداڵ مافی هەبێت لە پاراستن و چاودێری و هەبونی ڕا لە سەرجەم ئەو بابەتانەی كە پەیوەندی پێوەی هەیە، هەمو ئەو دەوڵەتانەی قایلبون بەم ڕێكەوتننامەیە پێویستە پابەندبن بە هەمو ئەم یاساو بەندانەوە (هاماربری، 2015: ٣).

لە گرنگترین ئەو تایبەتمەندیانەی كە ڕێكەوتننامەی مافەكانی منداڵ جیادەكاتەوە و وای لێدەكات جیاواز بێت لە هەر ئامرازێكی تری دەوڵەت ئەو دانپێدانانە ڕاشكاوانەیە بەوەی كە منداڵانیش خاوەنی مافن لەبری ئەوەی وەک كەسانێک سەیر بكرێن كە خاوەن بڕیارنین یاخود بڕیاریان بۆبدرێت (قطران،٢٠١٤: ١٨).

## ئامانج لە مافەکانی منداڵان:

ئامانج لە مافەکانی منداڵ بریتییە لە مسۆگەرکردن و دەستەبەرکردنی هەل بۆ هەمو منداڵێک بۆ بەدیهێنانی تواناکانی و، ناسینی مافەکانی و بەشداریکردنێکی کۆمەڵایەتی کارا، دەقی مافی منداڵ جێبەجێ دەبێت بەسەر هەمو منداڵێکدا بەبێ جیاکاری (بەندی٢) و منداڵ مافی گەشەی تەواو و بەدەستهێنانی هەلی فێرکردن و چاودێری تەندروستی و گەشەکردنی هەیە لە ژینگەیەکی گونجاودا، زانینی مافەکانی خۆی و بەشداریکردنی چالاکییەکانی ناو کۆمەڵگا، هەروەک ئامانج لەمافەکانی منداڵ هۆکارێکە بۆ پارێزگاریکردنی منداڵان لە توندوتیژی و خراپ مامەڵەکردن، هەروەها مافەکانی منداڵ دەبێتە هۆی دروستکردنی ئاڵوگۆڕی ڕێز لەناو خەڵکدا، ناتوانرێت ڕێزگرتن لەمافەکانی منداڵ بەتەواوەتی بەئەنجام بگەیەنرێت ئەگەر کۆمەڵ پاڵپشتی نەکات (رضوان،٢٠١٨: ٤٠٠).

لەدەقی ڕێکەوتننامەکە باس لەپێویستی و گرنگی ناساندنیان کراوە لە پەیڕەوی خوێندنگا و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە کە دەکەونە ئەستۆی کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان بە مافەکانی منداڵ و مافەکانی مرۆڤەوە، ئەم ئاشنایەتییە دەبێتە هەوێنی بیرۆکەی هاونیشتیمانی بون و قوڵبونەوەی پەیوەندی نێوان هاوولاتی و ولاتەکەی، تێدەگات کە پەیوەندییەکی دولایەنەیە و ماف و ئەرکی هەیە و دەتوانێت داوای بکات و بەدەستی بهێنێت (عبدوش،٢٠١٤: ١٠).

## بنەماو مافە گشتییەکانی قۆناغی منداڵی بەرایی:

لیژنەی مافەکانی منداڵ هەریەک لە بەندەکانی (٢، ٣، ٦، ١٢)ی ڕێکەوتننامەکەی وەک بنەمای سەرەکی مافەکانی منداڵ دیاری کردوە، هەر بنەمایەک لەم بنەمایانە کاریگەری هەیە لەسەر مافە بڕیار لێدراوەکان لە قۆناغی منداڵی بەرایی، کە ئەوانیش:

1. مافی ژیان و مانەوەو گەشەکردن: بەندی (٦) ئاماژەدەکات بە مافە ڕەسەنەکانی منداڵ لەژیاندا و پابەندکردنی دەوڵەتانی بەشدار بە لەئەستۆگرتنی ئەوپەڕی بەرپرسیاریەتی مانەوەی منداڵ و گەشەکردنی، دەوڵەتانی بەشدار دەبێت ئەو ڕێوشوێنە پێویستانە بگرنەبەر کە دەبێتەهۆی باشترکردنی چاودێریکردنی منداڵبونی دایکان و خودی منداڵان وکەمکردنەوەی تێکڕای مردنی کۆرپەو منداڵان و هێنانەکایەی بارودۆخێکی گونجاو و لەبار بۆ هەمو منداڵان لەماوەی ئەو قۆناغە هەستیارەی ژیانیادا. تاوەکو ئێستاش خراپی خۆراک پێدان یەکێکە لەو نەخۆشیانەی کە ڕەنگە خۆپاراستن لێی یەکێک بێت لە ڕێگریە گەورەکان کە دێتە ڕێگای کاروبارەکانی مافی منداڵان لەم قۆناغەدا. هەروەک چاودێریکردنی تەندروستی جەستەیی دو لە پێشترین کارە لە پێشینەکانن لەم ڕووەوە، بەڵام دەوڵەتانی بەشدار وەک ئاماژەیان پێداوە کە بەندی (٦) گشت لایەنەکانی گەشەی منداڵ دەگرێتەوە.
2. مافی جیاکاری نەکردن: بەندی (٢) لە مافەکانی منداڵان لە ڕێکەوتننامەکەدا منداڵان دەپارێزێت لە هەرجۆرێ لە جۆرەکانی جیاکاری، ئەنجومەنی دەوڵەتانی بەشدار لە ڕێکەوتننامەکەدا کاریگەرییەکانی ئەم بنەمایەیان لە قۆناغی منداڵی بەراییدا بەم شێوەیە دیاریکردوە:

- بەندی (٢) واتا جیاکاری لەگەڵ منداڵانی بچوکدا بەکارنەهێنرێت بە هەر هۆکارێک بێت، هەروەها بەندی (٢) ئەو واتایەش دەگەیەنێت کە نابێ جیاکاری بکرێت بەرامبەر گروپ و کۆمەڵە تایبەکانی منداڵان، کە ڕەنگە ئەو جیاکاریە شێوەی دابەزینی ئاستی خۆراک پێدان وەربگرێت یاخود شێوەی فەراهەم نەکردنی ئاستی پێویست لە چاودێری و گرنگی پێدان و سنورردارکردنی هەلی یاریکردن و فێربون و فێرکردن، یاخود چەپاندنی دەبڕینی ئازادانەی هەست و ڕاو و بۆچونەکانی، ڕەنگە جیاکاری بریتیبێت لە مامەڵەی خراپ و پێشبینی ناتەندروست کە ڕەنگە ببێتە هۆی خراپ بەکارهێنان و سنور بەزاندنیان.

3. بەرژەوەندییە باڵاکانی منداڵ: کەوای دەبینێت بەرژەوەندییە باڵاکانی منداڵان لە پێش هەمو ئاماژەدانێکەوەن و تایبەتتر و گرنگترینن لەهەمو بارودۆخێکدا و ئەگەر هەر بەرژەوەندییەکی دیکەش هەبێت (قانون حقوق الطفل "وديمة"،٢٠١٦: ١٣). هەروەک لە بەندی (٣) ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵاندا ئاماژە بەوە دراوە کە لە هەمو ئەو کاروبارانەی کە پەیوەندییان بەمنداڵانەوە هەیە دەبێ بەرژەوەندییە باڵاکانی منداڵان لەبەرچاو بگیرێت.

4. ڕێزگرتن لەبیروبۆچون و هەستەکانی منداڵان: دەقی بەندی (١٢) جەخت لەوە دەکاتەوە کە منداڵان مافی دەربڕینی ئازادانەی بیروبۆچونی خۆیان هەیە لە هەمو ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیدارە پێیانەوە، پێویستە بۆچونی منداڵانیان لە بارەوە وەربگیرێت، ئەم مافە پێگەی منداڵان بەهێزتر دەکات وەک بەشدارێکی چالاک (الامم المتحدة، ٢٠٠٥: ٤ ــ٧) (عيشه،٢٠٢٠، ٥٥-٥٦) (منتدى اتفاقيه حقوق الطفل،٢٠٢٠، ٩) (قانون حقوق الطفل، ٢٠١٦: ١٣) (المحروقي،٢٠٢١: ٣٦).

## باخچەی منداڵان

قۆناغی منداڵی به قۆناغێکی تاڕادەیەک درێژ دادەنرێت، بە جۆرێ پێنج ناوەندە تەمەنی مرۆڤ دەگرێتەوە، تەنها یەک قۆناغ نییە، بەڵکو لە سەرەتای لە دایکبونەوە دەست پێدەکات تا تەمەنی (١٨) ساڵی، قۆناغێکی هەستیارە لە ژیانی مرۆڤدا کە لە بنەمادا خۆی لە چەند قۆناغێکی یەک بەدوایەکدا دەبینێتەوە کە دەبنە بناغەی پێکهێنانی کەسێتی مرۆڤ، ئەوانیش بریتین لە:

1. قۆناغی شیرەخۆری (Sucking Stage): ئەم قۆناغە لەدایکبونەوە دەست پێدەکات تاوەکو تەمەنی دو ساڵی کە بە گەشەیەکی نەرم جیادەکرێتەوە سەرجەم لایەنەکانی ژیانی کۆرپەلە دەگرێتەوە.

2. قۆناغی پێش خوێندنگا (منداڵی بەرایی) (Pre-School Education): ئەم قۆناغە سەرەتای تەمەنی سێ ساڵیەوە دەستپێدەکات تاوەکو کۆتایی تەمەنی پێنج ساڵی بەنزیکەیی ئەم قۆناغە بەوە جیادەکرێتەوە کە کردەی گەشە تێیدا لە ئاستێکی دیارو بەرچاودایە.

3. قۆناغی منداڵی ناوەندی (Middle Adolescences Stage): ئەم قۆناغە لە تەمەنی شەش ساڵییەوە تا کۆتایی دوازدە ساڵی، هەروەک لەم قۆناغەدا گەشە ئاسایی دەبێت لە سەرجەم لایەنەکانەوە.

4. قۆناغی منداڵی دواکەوتو (Late Adolescences Stage): لەتەمەنی سیازدە ساڵی دەست پێدەکات تاوەکو تەمەنی هەژدە ساڵی، هەروەک ئەم قۆناغە بە تەواوکەری گۆڕانکارییە بیۆلۆجییەکان دادەنرێت (اوشریف، ٢٠١٧: ٣١٣).

## خەسڵەتەکانی گەشەی منداڵی بەرایی:

هەمو مرۆڤێک بە کۆمەڵێک قۆناغی جیاوازدا تێدەپەڕێت، هەریەکێ لەو قۆناغانە بە کۆمەڵێک خەسڵەت جیادەکرێنەوە لە لایەنەکانی گەشەی ئەقڵی و هەڵچونی و کۆمەڵایەتی و جەستەیی، لە گرنگترین ئەو خەسڵەتانەش

### 1. گەشەی جەستەیی:

ئەم قۆناغە جیادەکرێتەوە بە زیادبون لە کێش و باڵادا، جیاوازی تاکایەتی بەئاشکرا دەردەکەوێت لە نێوان منداڵانی ئەم تەمەنەدا بەهۆی بارودۆخی ژینگەیی چواردەوری منداڵ، لە کۆتایی قۆناغی منداڵی بەراییدا کێشی منداڵ پێنج هێندەی کێشی تەمەنی شیرەخۆرییە، جەستە پێگەیشتنێکی زۆرتر بە خۆیەوە دەبینێت، هەروەک پەلەکان زیاتر گەشەدەکەن لەچاو گەشەی سەردا و، باڵای دو هێندەی تەمەنی شیرەخۆرەیی زیاددەکات، ددانەکانی شیری وردەوردە دەکەون و ددانە هەمیشەییەکان جێگەیان دەگرنەوە.

### 2. گەشەی ئەقڵی:

گەشەی ئەقڵی لەم تەمەنەدا گەشەیەکی دیار و ڕونە، بە جۆرێ قۆناغی منداڵی بەخێراترین قۆناغی گەشەی ئەقڵی دادەنرێت، تەواوی خانەکانی مێشکی مرۆڤێکی پێگەیشتو گەشەی دروستبونی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی منداڵی بەرایی، کردەکانی ژیری ئەم تەمەنە پێکدێت لە پەیبردن و یادهاتنەوە و فێربون، تێگەیشتنی منداڵ فراوان دەبێت و زانیاری و شارازەییەکان لە ژینگەی چواردەور وەردەگرێت، هەروەک تواناى لەسەر فێربون زۆر دەبێت لەڕێی هەستەوەرەکانیەوە سود لە شارەزاییە کۆنەکانی وەردەگرێت، ئەم قۆناغە جیادەکرێتەوە بە بەهێزی یاری ئەندێشەیی، بەجۆرێ ئەندێشەکانی فراوان دەبن کە جیهانێکی تایبەت بەخۆی دروستدەکات و سنورەکانی کات و شوێن تێدەپەڕێنێت، هەروەک منداڵان یاری بە بوکەڵەکان دەکەن و لاسایی ڕۆڵی گەورەکان دەکەنەوە.

### 3. گەشەی زمانەوانی:

زمان ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانی مرۆڤدا هەیە، بەو پێیەی ئاماژەیە بۆ دەربڕین و بیرو ئارەزو و خولیاکانی منداڵ ئینجا بەڕێگەی قسەکردن بێت یاخود نوسین و دەربڕینەکانی دەم وچاو یاخود ئاماژە کە لە ڕێگەیەوە دەتوانێ لە ژینگەی دەوروبەر تێبگات و دەبێتە ئامرازێکی گەیاندن لە نێوان خۆی و چواردەوردا. زمان گوزارشتە لەو پێکهاتەیەی ژیری منداڵ پەیوەندییەکی بەهێزی بەگەشەی ئەقڵی ژیری هەیە، بەجۆرێک گەشەی زمانەوانی کاریگەر دەبێت بە کارلێککردن لەگەڵ چواردەورو ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن، قۆناغی منداڵی بەرایی بە

قۆناغی بنیاتنانی یەکەمی زمان دادەنرێت وەک ئەوەی چالاکی و ئەزمونەکان دەبنە هۆی زیادکردنی دەرئەنجامە زمانەوانییەکان.

## 4. گەشەی هەڵچونی:

لایەنی هەڵچونی بەشێوەیەکی پلەبەندی گەشە دەکات بە درێژایی ساڵەکانی یەکەمی تەمەنی منداڵ تاوەکو دەگاتە قۆناغی پێگەیشتن و بەتوانا بون لە جڵەوکردنیدا، وەڵامدانەوە هەڵچونییەکانی منداڵ لەم قۆناغەدا بە خێراییان جیادەکرێنەوە، بەجۆرێک زو هەڵدەچێت و زوش هێمن دەبێتەوە، هەروەها تایبەتمەندییەکی دیکەی پەرگیری و زیادەڕەویکردنیەتی لە خۆشەویستی و ڕق و تورەیی.

## 5. گەشەی کۆمەڵایەتی:

کاتێک باسی گەشەی کۆمەڵایەتی دەکەین دەکرێت باس لە پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی منداڵ بکەین، وەڵامدانەوەی منداڵ بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی پەیوەستە بە کەشی خێزانی و ئاراستەی باوان، خێزان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەسەر گەشەی کۆمەڵایەتی، هەروەک جەختکەرەوەیەکی سەرەکییە بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی کە لەڕێیەوە هۆشیاری منداڵ و دواتریش تایبەتمەندییەکانی کەسێتی دروست دەبێت. گەشەی کۆمەڵایەتی ئامانجی زانینی گەشەی پەیوەندییەکانی منداڵە بە جیهانی چوار دەوریەوە و ماوەی فراوانی ئەم پەیوەندیانە چەندێکە، گەشەی کۆمەڵایەتی لەم قۆناغەدا بەفراوانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کارلێککردن لەگەڵ کەسانی دیکەدا و، فراوانبونی دروستکردنی هاوڕێیەتی لەڕێی یاریکردنەوە جیادەکرێتەوە، هەروەک یاریکردن دەبێتە هۆی زیادکردنی کارامەییە جەستەیی و جوڵەییەکان. لە دەرکەوتەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی بریتییە لە حەزی منداڵ بۆ کێبڕکێکردن وهەستی سەرکەوتن بەسەر ئەوانی دیکەدا (سارة،٢٠١١ :٤٣-٤٨) (سليمان،٢٠١٥: ٢١٤) (وسام، ٢٠١٧: ٤٦) (الخليل،٢٠١٥: ١٧) (عراج،٢٠١٦: ٢٧) (قطامي والرفاعي، ٢٠٠١: ٦٣) (كرم الدين، ٢٠١٢: ٢٣).

ئەم ماوەی تەمەنییە زوەی ئەم قۆناغە هەستیارە بۆفێربون و وەرگرتنی ئەو شارەزاییانەی کە بەری دەکەوێت، منداڵ لەبارێکی ناوەکی شیاودایە بۆ وەرگرتنی شارەزاییە دەرەکییەکان بێ ئەوەی ڕوبەڕوی بوەستێتەوە یاخود ببێتە مایەی پەکخستنی یاخود بێ ئەوەی میکانیزمەکانی بەرگری بخاتەکار بۆ کەمکردنەوەو شێواندنی ئەو شارەزاییانە (میلاد،٢٠١٥ :٣٧).

## پێداویستییە دەرونییەکانی منداڵانی باخچە:

لە گرنگترین ئەو پێداویستییە دەرونیانەی کە منداڵانی باخچە، یاخود بڵێین منداڵی قۆناغی بەرایی جیادەکاتەوە لە منداڵ لە قۆناغەکانی تری تەمەنیدا بریتین لە:

1. پێداویستی ڕاکیشانی سەرنج: لەکۆتایی ساڵی سێیەمی تەمەنەوە منداڵ دەست دەکات بە ڕەتکردنەوەی ڕەفتارە پەسەندەکان لەناو خێزانەکەیدا بەویستی خۆی بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنجیان، بەبێگوێدانە

ئەو ئازارەی کە دادەنرێت بۆ سزادانی لەلایەن گەورەکانەوە، چونکە پێداویستی بۆ ڕاکێشانی سەرنجیان زیاترە وەک هەستکردن بەئازار، و لێرەدا هەڵبەت نەک ڕەچاوی ئەمە دەکەین و دڵنیادەبینەوە لێی، بەڵکو چاوپۆشی لەهەندێ ڕەفتاری دەکەین کە دەزانین تەنها بەمەبەستی سەرنجڕاکێشان ئەنجامی دەدات.

2. پێداویستی سەربەخۆبون: لەم قۆناغەدا منداڵ ئارەزویەکی زۆری بۆ سەربەخۆبون لەدایک و باوک یاخود بەخێوکاری تێدا دەردەکەوێت، هەروەک ئارەزوی ئەنجامدانی چالاکی گەورەکان دەکات، بەوپێیەی کە تواناکانی بەتەواوەتی گەشەیان نەکردوە هەربۆیە لەنێوان خولیای بۆ سەربەخۆبون و پشت بەستن لەسەر دایک و باوکیدا دەمێنێتەوە، و لەماوەی نێوان ئەم دو ململانێیەدا کارامەییەکانی گەشەدەکەن، لێرەدا پێویستی بەهاوکاریکردن و دابینکردنی کۆمەڵێ چالاکی و چاودێریکردنێکی کەم و هاندانییەتی لەسەر زیادکردنی کارامەییەکانی کە بەتەنها دەتوانێت ئەنجامی بدات.

3. دەرکەوتنی کەسێتی منداڵ: وەک منداڵێکی پێشەنگ و منداڵێکی داخراو و منداڵێکی پشت بەخۆبەستو، کە لەڕەفتارێکی منداڵانەدا دەردەکەون بەبێ بەشداری گەورەکان، ئەگەر بمانەوێ هەندێ لایەنی کەسێتی منداڵ بگۆڕین بۆیە دەبێت لەم قۆناغەوە دەستپێبکەین، ئەویش لەڕێی خوڵقاندنی کەشی گونجاو، بۆ نمونە ئەگەر بمانەوێ گۆڕانکاری لە کەسێتی منداڵێکی داخراودا دروستبکەین دەبێت کەشێکی وای بۆ بڕەخسێنین کە تێکەڵی بکەین بەجۆرێ ئاستی داخراویەکەی کەم بکاتەوەو بتوانێ تێکەڵ بەوانی دیکە ببێت و خودی خۆی دەرببڕێت. (میلاد،٢٠١٥ : 45).

## باخچەی منداڵان و گرنگییە پەروەردەییەکەی:

باخچەی منداڵان بەدامەزراوەیەکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی ئەژماردەکرێت کە هەوڵی ئامادەکردنی منداڵ دەدات بەشێوەیەکی ڕاست بۆ گەیشتن بەقۆناغی سەرەتایی، هەروەک زانا (جیرسێڵد Jersild 1968) باسی گرنگی باخچەو کاریگەرییە ئەرێنیەکانی لەم خاڵانەدا کورت دەکاتەوە:

1. فراوانکردنی بواری چالاکی و کارلێکی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵ و فێرکردنی هاوبەشپێکردن و یاری بەکۆمەڵ، و کەم کردنەوەی ترسان لەهەڵویستە کۆمەڵایەتییەکان و ترس لەوانی دیکە.
2. ڕاهێنانی هەڵچونەکان و فێرکردنی جڵەوکردنی لەڕێی یاری و هاوبەشپیکردنی ویژدانی و هاورێیەتی و کاری بەکۆمەڵ و یارمەتیدان و کێبڕکێ.
3. زۆربونی کارامەیی زمانەوانی.
4. گەشەی کارامەییە جوڵەییەکان و کارامەیی لەبەکارهێنانی یاری و سودوەرگرتن لە چالاکی و یاریکردن.
5. گەشەی سەربەخۆبون و یارمەتیدانی خودی منداڵ لە خواردن و جلگۆڕین و چونە دەرەوە و پاک کردنەوەی پشت بەستن بەوانی دیکە (زهران،١٩٨٦ :٢٠٤).

## ئامانجەکانی باخچەی منداڵان:

فرۆبلی ئەڵمانی ئامانجی باخچەی منداڵان لەم خاڵانەدا دەخاتەڕو:

- لەکتێبی (پەروەردەی مرۆڤ) فرۆبڵ بیرۆکەی باخچەی منداڵان لەسەر ئەو بنەمایە دەخاتەڕو کە منداڵ لەناو ژینگەیەکی زیندودا دەژی و تێبینی گەورەو بچوکی ئەوە دەکات کە لەدەوری دەگوزەرێت.
- منداڵ وێنەیەکی ڕاستەقینەی ژیان لەناو خێزان و کۆمەڵگاکەیدا دەبینێت و یارمەتی و هاوکاری نزیکەکانی دەکات بەمەش زانیاری دەستدەکەوێت دەربارەی ژیانی کردەیی و چالاکیە خودییەکانی.
- فرۆبڵ جەخت دەکاتەوە لەسەر بیرۆکەی یاری و کارکردن هاوشان لەگەڵ گۆرانی و سرود دا، بەجۆرێک کە ئەم بابەت و ئامرازانە بەشێوەیەکی پلەبەپلە پێشکەش بەمنداڵ بکرێت تاوەکو منداڵ لەتایبەتمەندی هەردیاری و یاریەک تێبگات لەپاشان بڕوا بۆ دانەیەکی دیکە، وەپەیوەندی بدۆزێتەوە لە نێوان کارو چالاکییە نوێیەکان و کارو چالاکیە کۆنەکاندا (وسام،٢٠١٧: ٣٩).

## توێژینەوەکانی پێشو:

توێژینەوەی (اسماعيل و ئەوانی تر:٢٠١٣) بەناونیشانی (ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لەبەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی مافەکانی منداڵان لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لە پارێزگای قاهیرە)، ئامانجی توێژینەوەکەی بریتیبو لە زانینی ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی مافەکانی منداڵان لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی، لەئەنجامدا توێژەر بۆی دەرکەوت کە ڕێژەی ئەو خوێندکارانەی سامپڵەکەی کە بایەخ بە ڕاگەیاندنە پەروەردەییەکانی ناو خویندنگا دەدەن (٣٣،٥٦٪) بون، هەروەها ئەوانەی کە هیچ چاودێرییەکیان نەبو بۆ ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لەخوێندنگاکانیان ڕێژەکەیان (١٥،٣٣٪) بو، ئەو دەربڕینانەی کە لای لێکۆڵەران دەربارەی مافەکانی منداڵان هاتبو لەپلەی یەکەمدا هەمو مافەکانی پێشو پاش ئەو لەپلەی دوەمدا مافی ژیان و گەشەکردن و لەپلەی سێیەمدا مافی منداڵ بۆفێربون دێت و لەپاش ئەو و لەپلەی چوارەمدا مافی تەندروستی باش و دواتریش مافی هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی پەروەردەکردن و بەخێوکردنی منداڵان لەلایەن باوانەوەیە و لەپلەی شەشەمدا مافی خۆدەربڕین و لەپلەی حەوتەمدا مافی یاریکردن و کات بەسەربردن دێت و لە کۆتایشدا مافی منداڵ لەپەیوەندی ڕاگەیاندن و بەدەست گەیشتنی زانیارییەکان هاتبو.

هەروەها توێژینەوەی (السنجري :٢٠١٨) بەناونیشانی (ئاستی کاریگەری ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە بەها کۆمەڵایەتیەکان لای خوێندکارانی قۆناغی ناوەندی لەڕوانگەی مامۆستاکانیانەوە لە عێراق)، کە ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبو لە ناسینی ئاستی کاریگەری ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە بەها کۆمەڵایەتییەکان لای خوێندکارانی قۆناغی ناوەندی لەڕوانگەی مامۆستاکانیانەوە لە عێراق، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر ڕێبازی وەسفی بەکارهێناوە، و لە ئەنجامدا توێژەر گەیشتە ئەوەی کە ئاستی کاریگەری ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکان لای خوێندکارانی قۆناغی ناوەندی لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە لەئاستێکی مام ناوەند دایە، ئەم کاریگەریەش جیاوازە لەنێوان هەردو ڕەگەزدا و ئاستەکەی بەرزترە لای ڕەگەزی نێر.

توێژینەوەی (البلهان والشمری: ٢٠١٩) بەناونیشانی (ئاراستەی بەڕێوەبەرو مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەرامبەر ڕاگەیاندنی پەروەردەیی و ڕۆڵی لەپەرەپێدانی ڕەفتاری ئاکاری لای منداڵان لەژێر ڕۆشنایی هەندێ

گۆڕاودا لە وڵاتی کوەیت)، کە ئامانجی دیاریکردنی ئاراستەی بەڕێوەبەرو مامۆستایانی باخچەی منداڵان بو بەرامبەر ڕاگەیاندنی پەروەردەیی و ڕۆڵی لەپەرەپێدانی ڕەفتاری ئاکاری لای منداڵان لەژێر ڕۆشنایی هەندێ گۆڕاودا، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستبو کە ئاراستەی بەڕێوەبەرو مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەرامبەر ڕاگەیاندنی پەروەردەیی و ڕۆڵی لەپەرەپێدانی ڕەفتاری ئاکاری لای منداڵان بەبوارە جیاوازەکانیەوە لەئاستێکی مامناوەندا بو، ئەنجامەی کە ئاراستەی بەڕێوەبەرو مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەرامبەر کەم وکوڕییەکان لە لەپەرەپێدانی ڕەفتاری ئاکاری لای منداڵان لەئاستێکی بەرزدابو، ئەمەش واتای هەبونی ئاراستەی نەرێنی بەرامبەر کەموکوڕییەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی دەگەیەنێت، بەو واتایەی کە چەندین کەموکوڕی ڕێگر هەیە کاردەکەنە سەر کەم کردنەوەی ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی بەشێوەیەکی گونجاو.

هەروەها توێژینەوەی (الضبیانی:٢٠١٩) بەناونیشانی (کاریگەری ڕاگەیاندنی پەروەردەیی و جیبەجێکردنی لەدامەزراوە فێرکارییەکاندا)، ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبو لە ناسینی بەهای ڕاگەیاندنی پەروەردەیی و جێبەجێکردنی بو لە دامەزراوە فێرکارییەکاندا، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش ڕێبازی وەسفی دیکۆمێنتاری بەکارهێنا بو بەمەبەستی خوێندنەوەیەک بۆ توێژینەوەکانی پێشو کۆڕو کۆڕبەندو پەرتوک و وتارە زانستییەکان بەئامانجی وەڵامدانەوەی پرسی توێژینەوەکەی، ئەنجامی توێژینەوەکە بریتیبو لەوەی کە ڕاگەیاندنی پەروەردەیی وەک ڕاگەیاندنی تایبەتمەند لە بواری پەروەردە و فێرکردندا لەناوەڕاستی سەدەی پێشودا هاتۆتە ئاراوەو ئەرکی بەدیهێنانی ئامانجە پەوروەردەیەکانە، ڕاگەیاندنی فێرکاریش بەشێکە لە ڕاگەیاندنی پەروەردەیی، ڕاگەیاندنی خوێندنگا وەک لایەنێکی جیبەجێکردنی پەروەردەیی، لقێک لە لقەکانی ڕاگەیاندنی فێرکارییە، یەکێکە لەچالاکییە هەرە گرنگەکان کە یارمەتی دەدات لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییە گشتیەکان لەسەر ئاستی خوێندنگا.

توێژینەوەی (المر والمعبی:٢٠١٩) بەناونیشانی (کاریگەری بەرنامەی ڕاهێنان بۆ پەرەپێدانی هۆشیاری دەربارەی مافەکانی منداڵان بەبەکارهێنانی چالاکی ڕاگەیاندنی خوێندنگا لای خوێندکارانی قۆناغی سەرەتایی لە ڕۆژئاوای شاری الدقهلیە)، ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبو لە ناسینی کاریگەری بەرنامەی ڕاهێنان بۆ پەرەپێدانی هۆشیاری دەربارەی مافەکانی منداڵان لای خوێندکارانی قۆناغی سەرەتایی بە بەکارهێنانی چالاکی ڕاگەیاندنی خوێندنگەیی، ئەنجامی نمرەی بەدەستهاتو لەپێوەری هۆشیاری بەمافەکانی منداڵ و لای گروپی ئەزمونی دەریخستبو بەکارهێنانی چالاکییەکانی ڕاگەیاندنی خوێندنگەیی کاریگەریەکی ئەرێنی هەیە لەسەر هۆشیارکرنەوەی منداڵان بەمافەکانیان بەشێوەیەکی گشتی.

توێژینەوەی (الحربی:٢٠٢٠) بەناونیشانی (مافەکانی منداڵ و جێبەجێکردنی لە خوێندنگاکانی شاری جدە لەڕوانگەی مامۆستایانەوە-توێژینەوەیەکی وەسفی شیکاریە)، ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبو لە دەستنیشانکردنی ئاستی هۆشیاری مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەمافەکانی منداڵ (مافی یاری و مافی یەکسانی و هەل بۆ ڕەخساندن و مافی پارێزگاریکردن و مافی چاودێری تەندروستی و مافی ئازادی ڕادەربڕین و گوێگرتن و مافی بەشداریکردن) لەشاری جدە لەسەر ئاستی جێبەجیکردن و بەپشت بەستن بەگۆڕاوەکانی شیاوی زانستی و ساڵانی شارەزایی و خولەکانی ڕاهێنان، ئەنجامی توێژینەوەکەی دەریخستبو بەشێوەیەکی گشتی زۆرینەی

مامۆستاکانی باخچەی منداڵان هۆشیاریان هەبو بەمافەکانی منداڵ و بەشێوەیەکی مام ناوەندیش جێبەجییان کردبو لە ناو باخچەکاندا، بەلاشیانەوە باڵاترین مافەکانیان بەم شێوەیە بەدوای یەکداهاتبون کە ئەوانیش چاودێری تەندروستی یەکسانی و هەل بۆڕەخساندن و بەشداریکردن و ئازادی ڕادەربڕین و گوێگرتن و یاری و ئازادی.

## گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشو:

هەریەک لە توێژینەوەکانی (البلهان و الشمري :2019) و (الضبياني:2019) و (السنجري: 2018) تەوەری ڕاگەیاندنی پەروەردەییان لەخۆگرتبو کە ئامانجیان زانینی کاریکەری ڕاگەیاندنی پەروەردەیی بوە لەسەر ئاکاری منداڵ و بەها کۆمەڵایەتییەکان و بەدیهێنانی ئامانجە پەوەرەردەییەکان لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە، ئەنجامی توێژینەوەکان سەلمێنەری بونی کاریگەریەکی ئەرێنی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی بون لەسەر هەر یەک لەو گۆڕاوانەی ئاماژەیان پێدرابو، بەڵام توێژینەوەی (اسماعيل و ئەوانی تر:٢٠١٣) هەر دو تەوەری ڕاگەیاندنی پەروەردەیی و زانیاری دەربارەی مافەکانی منداڵان لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لەخۆگرتبو، دەریخست کە تەنها ڕێژەی (٣٣،٥٦٪) خوێندکاران بایەخ بەڕاگەیاندنە پەروەردەییەکان دەدەن و (٣٣،١٥٪) هیچ بەرکەوتنێکیان بەو ئامرازانەوە نییە، ئەمە جگە لە دەستنیشانکردنی ئەو دەربڕینانەی مافی منداڵان کە خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی زانیاریان لە بارەوە هەبو.

هەریەک لە توێژینەوەکانی (المر والمعبى:٢٠١٩) و (الحربى:٢٠٢٠) هاوبەشن لە تەوەری مافەکانی منداڵدا، توێژینەوەی (الحربى:٢٠٢٠) دەربارەی هۆشیاری مامۆستایان بو لەبارەی مافەکانی منداڵان و ئاستی پراکتیزەکردنی لەناو ناوەندەکانی خوێندنگەدا، کە لە ئەنجامدا توێژینەوەکە دەریخست هۆشیاری مامۆستایان دەربارەی مافەکانی منداڵان لە ئاستێکی مام ناوەندایە و پشت دەبەستێ بەو خولە ڕاهێنان و کۆڕ و سیمینارانەی کە مامۆستایان لەم بوارەدا بەشداریان تێدا کردوە و ڕادەی جێبەجێکردنیشیان لەناو ناوەندەکاندا لە ئاستێکی مام ناوەندا بو. لەلایەکی دیکەوە توێژینەوەی (المر والمعبى:٢٠١٩) ئامانجی زانینی کاریگەری بەرنامەیەکی تایبەت بو بە ڕاهێنان و هۆشیارکردنەوەی منداڵان بە مافەکانیان و خوێندکارانی قوتابخانەی سەرەتایی کردبوە ئامانج، لە ئەنجامدا توێژینەوەکە دەریخست کە بەکارهێنانی بەرنامەی تایبەتی ڕاهێنان و هۆشیارکردنەوەی منداڵان بە مافەکانیان کاریگەری ئەرێنی هەیە.

## ڕێبازی توێژینەوەکە و ڕێکاریەکانی:

### ڕێبازی توێژینەوەکە:

ڕێبازی توێژینەوەکە بریتیبو لە ڕێبازی ئەزمونی ئەویش بەهۆی گونجاوی لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکەدا.

### کۆمەڵگا و نمونەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیبو لە باخچەی منداڵانی ناحکومی (کورد جینیەسی/١)ی سەر بە پەروەردەی ڕۆژئاوا لەناوەندی شاری سلێمانی بۆسالی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣)، نمونەی توێژینەوەکە بریتیبو لە (٣٠) منداڵ لە هەردو ئاستی یەکەم و دوەمی باخچە کە تەمەنیان (٤، ٥) ساڵ بو، کە توێژەر بەشێوازی ناهەڕەمەکی مەبەستدار هەڵبژاردبون، بۆ پێکهێنانی گروپێکی ئەزمونی کە تاکە گروپی توێژینەوەکە بو، وەک لە خشتەی ژمارە (١) ئاماژەی پێدراوە.

خشتەی (١)

نمونەی توێژینەوەکە

| ڕەگەز | | | | |
|---|---|---|---|---|
| نێر | | مێ | | |
| ١٣ | | ١٧ | | |
| تەمەن | | | | |
| چوار ساڵ | | پێنج ساڵ | | |
| ١٤ | | ١٦ | | |
| ڕیزبەندی منداڵ لەناو خێزاندا | | | | |
| یەکەم و تاقانە | منداڵی ناوەڕاست | منداڵی کۆتایی | یەکەم وتاقانە | کۆتایی و تاقانە |
| ١٩ | ٢ | ١ | ٧ | ١ |

### ئامرازەکانی توێژینەوەکە:

بۆگەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی (٣٢) برگە لە چوارچێوەی چوار تەوەری سەرەکیدا کە ئەوانیش تەوەرەکانی (ژیان و مانەوە و گەشە، جیاکاری نەکردن، بەرژەوەندییە باڵاکانی منداڵ، ڕێزگرتن لەبیروبۆچون و هەستەکانی منداڵان)، کە بریتیبون لە بنەما و مافە گشتییەکانی قۆناغی منداڵی بەرایی، کە لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتوەکانەوە ئاماژەی پێدراوە (الامم المتحدة،2005 :4ـ7)، کە بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر ڕێگەی چاوپێکەوتنی تاکە کەسی لەگەڵ منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە بەکارهێنابو، هاوکات توێژەر هەستابو بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی وەک (ڤیدیۆ و وێنە)، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر هەستا بە وەرگێڕانی (٦) ڤیدیۆ، کە بەتایبەت بۆ هۆشیارکردنەوە و ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان

لەلایەن مەڵپەڕی فەرمی یونسیفەوە ئامادەکراون، و لە پێگەی ئەلەکترۆنی (youtube) و بڵاوکراونەتەوە، توێژەر هاوشانی ڤیدیۆ وێنەی مافەکانی پیشانی منداڵان دەدا بە مەبەستی زیاتر ئاشناکردنیان بەمافەکانیان، بۆ مەبەستی نمایشکردنی ئەم وێنە و ڤیدیۆیانەش، سود لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی کۆمپیوتەر و داتاشۆ وەرگیراوە.

## ڕاستگۆیی:

توێژەر بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستگۆی پەنای بردۆتە بەر ڕاستگۆی ڕواڵەتی، مەبەست لەڕاستی ڕواڵەتی ئامرازی توێژینەوە ئەوەیە کە ئایا ئامرازەکە لە ڕوکەش و ڕواڵەتدا، تاچەند دیاردەکە دەپێوێت. بۆ ئەو مەبەستەش برگە و پرسیارەکان، پیشانی چەند کەسێکی پسپۆڕ و شارەزای بوارەکە ئەدرێت، بۆئەوەی ڕای خۆیان لەسەر یەکەبەیەکەی دەرببڕن (بۆکانی، ٢٠٢٠: ١٥٤)، بۆ دیاریکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی توێژەر پەنایبردۆتە بەر ڕاو و بۆچونی شارەزایان و هەڵسەنگێنەرانی ئەکادیمی، بۆ ئەو مەبەستە برگەکانی ئامرازی توێژینەوەکە خرانەبەر دەستی (٩) شارەزا لە بوارەکانی (پەروەردە و دەرونزانی) و (ڕاگەیاندن)، دوای گەڕاندنەوەی ئامرازی توێژینەوەکە و بەهەند وەرگرتنی تێبینیە زانستییەکانی هەڵسەنگێنەران، ڕادەی ڕێکەوتنی هەڵسەنگێنەران بە ڕێژەی (٩٢،٨٩)، کە ئەمەش ڕێژەیەکی گونجاوە لەڕوی زانستییەوە.

## جێگیری:

بۆ گەیشتن بەجێگیری، توێژەر هەستا بە جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکەی بە سەر سامپڵێک لە منداڵانی تەمەن (٤ ـ ٥) ساڵ، کە ژمارەیان (١٥) منداڵ بو، دواتر و پاش تێپەڕبونی (٢١) ڕۆژ توێژەر هەستا بە دوبارە ئەنجامدانەوەی تاقیکردنەوەکە بە هەمان شێواز و بەسەر هەمان سامپڵدا، پاشان لە ڕێگەی ئامارییەوە هاوکۆلکەی پەیوەستی لە نێوان ئەنجامی هەردو تاقیکردنەوەکەدا دەرهێنرا، کە بەهاکەی (٧٠٣.٠) بو، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ جێگیری توێژینەوەکەمان.

## کەرەستە ئامارییەکان:

بە مەبەستی شیکاری و چارەسەرکردنی ئاماریی بۆ زانیارییە کۆکراوەکانی توێژینەوەکە، توێژەر پرۆگرامی ئاماری (SPSS) بەکارهێنابو لە شیکردنەوەی داتاکاندا، هەروەها هاوکێشە ئامارییە بەکارهاتوەکان بریتیبون لە تاقیکردنەوەی (Paired-Samples T-Test) بۆ دو نمونەی سەربەخۆ بەمەبەستی دیاریکردنی ئەنجامی هەڵسەنگاندنی پێشەکی و پاشەکی گروپی ئەزمونی توێژینەوەکە، بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی ( One- Sample T Test) بۆ یەک نمونە بە مەبەستی زانینی ئاستی ئاشنایی منداڵانی باخچە بە مافەکانیان، و هەروەها دەرهێنانی ناوەندی ژمێرەی و ناوەندی گریمانەیی و لادانی پیوەری و بەکارهێنانی هاوکێشەی (کۆهین) بۆ زانینی جیاوازی قەبارەی کاریگەری.

## خستنەڕوی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

### ئەنجامەکان:

- ئامانجی یەکەمی توێژینەوەکە بریتیبو لە (زانینی ئاستی ئاشنای منداڵانی باخچە بە مافەکانیان).

بۆ ئەم مەبەستەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS) چارەسەری ئەو زانیاریانە کرا کە لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی پێشەکی گروپی ئەزمونییەوە بەدەستهاتبو، لە ڕێگەیەوە ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری دۆزرایەوەو دواتر بەراوردی کرا بە ناوەندی گریمانەیی بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی One- Sample T Test) بۆ یەک نمونە وەک لە خشتەی (2) ئاماژەی پێدراوە.

خشتەی (2)

ئاستی ئاشنایی منداڵانی باخچە لە تاقیکردنەوەی پێشەکیدا (One- Sample T Test)

| ژمارە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | بەهای (ت) | | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ٣٠ | ٥١,٩٣ | 5.965 | ٦٤ | 0.003 | 2.045 | ٢٩ | لە ئاستی (0.05) |

وەک لە خشتەی (2) ئاماژەی پێدراوە ناوەندی ژمێرەیی (٥١,٩٣) و لادانی پێوەری (5.965) و پاش بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی بە ناوەندی گریمانەیی تاقیکردنەوەکە کە (٦٤) بو لە ڕێگەی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی یەک نمونەیی ئەنجامەکان دەریانخست کە جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە بەرژەوەندیی ناوەندی گریمانەییدا، بەو پێیەی کە بەهای (ت) ئەژمارکراو دەکاتە (0.003) بچوکترە لە بەهای (ت) خشتەیی کە (2.045) بو لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) بە نمرەی ئازادی (٢٩)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ کەمی ئاستی ئاشنایی منداڵانی باخچە بە مافەکانیان.

- ئامانجی دوەمی توێژینەوەکە بریتیبو لە (زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان لە باخچەکانی شاری سلێمانی).

بۆ ئەم مەبەستەش ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و بەهای (ت) بۆ جیاوازی نمرەی بەدەستهاتو لە هەردو تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گروپی ئەزمونی دۆزراوەتەوە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (t- test) بۆ دو نمونەی پەیوەست بو وەک لە خشتەی (3) ئاماژەی پێدراوە.

خشتەی (3)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (t-test) بۆ جیاوازی نمرەکانی پێشەکی و پاشەکی بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی

پەروەردەیی لە ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان، بۆ گشت نمونەکە.

| ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) | | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ٣٠ | 31.000 | 7.759 | 21.883 | 2.045 | 29 | لە ئاستی (0.05) |

وەک لە خشتەی (3) ئاماژەی پێدراوە ناوەندی ژمێرەیی (31.000) و بەهای (ت) هەژمارکراو دەكاتە (21.883) گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی کە (2.045) بو لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) بە نمرەی ئازادی (٢٩)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشەکی، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی کاریگەری هەبوە لە ئاشناکردنی منداڵانی باخچە بە مافەکانیان.

بۆ زانینی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ (ڕاگەیاندنی پەروەردەیی) لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ (ئاشنایی منداڵان بەما فەکانیان) لە دوای تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی منداڵەکان، زانیارییەکان لە ڕێگەی -Paired (Samples T-Test) چارەسەرکران وەک لە خشتەی (4) دەردەکەوێت.

خشتەی (4)

قەبارەی کاریگەری ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان

| گروپ | جێبەجێکردن | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای کاریگەری هەژمارکراو | بەهای خشتەیی | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٠ | پێشەکی | 51.83 | 6.041 | 3.995 | 0.8 | بەرزە |
| | پاشەکی | 82.83 | 3.485 | | | |

وەک لە خشتەی (4) دەردەکەوێت بەهای ناوەندی ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پێشەکی (51.83) و بەهای لادانی پێوەری (6.041) بو، لە کاتێکدا بەهای ناوەندی ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پاشەکی (82.83) و بەهای لادانی پێوەری (3.485) بو، هەروەها بەهای ژمێرەیی قەبارەی کاریگەرییەکە یەکسان بو بە (3.995) کە ئەمەش گەورەترە لە (0.8) بەو واتایەی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆکە لە ئاستێکی بەرز دایە بە پشت بەستن بەهاوکێشەی (کۆهین) بۆ زانینی قەبارەی کاریگەری.

ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە هاوشێوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی (السنجری،٢٠١٨) و (اسماعیل و ئەوانی تر،٢٠١٣) و (المر والمعبی،٢٠١٩) بە بۆچونی توێژەر بەشێک لە هۆکارەکانی کاریگەری بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان و ناسینیان، دەگەڕێتەوە بۆ هەمەچەمەشنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی بەجۆرێک کە هەر یەکێکیان کارلێک و بەرکەوتەیان لەگەڵ هەستەوەرێک یاخود زیاتر لە هەستەوەرەکانی منداڵدا هەیە، هۆکارێکی دیکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئاشناکردن و گەیاندنی زانیارییە

هەمەچەشنەکان و فەراهەمکردنی چێژ و ڕاکێشانی سەرنج و ئاگایی بۆ بابەتێکی دیاریکراو لە ئەرکە سەرەکیەکانی ڕاگەیاندنن.

- ئامانجی سێیەمی توێژینەوەکە بریتیبو لە (زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە ئاشناکردنی منداڵان بەمافەکانیان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز).
  - بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی مێ:

بۆ ئەم مەبەستەش ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و بەهای (ت) بۆ جیاوازی نمرەی بەدەستهاتو لە هەردو تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی منداڵانی ڕەگەزی مێی گروپی ئەزمونی دۆزراوەتەوە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (t- test) بۆ دو نمونەی پەیوەست بو وەک لە خشتەی (5) ئاماژەی پێدراوە.

خشتەی (5)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (t-test) بۆ جیاوازی نمرەکانی پێشەکی و پاشەکی بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی مێ

| ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) | | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ١٧ | 31.353 | 8.170 | 15.823 | 2.120 | 16 | لە ئاستی (0.05) |

وەک لە خشتەی (5) ئاماژەی پێدراوە ناوەندی ژمێرەیی (31.353) و بەهای (ت) هەژمارکراو دەکاتە (15.823) گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی کە (2.120) بو لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) بە نمرەی ئازادی (16)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشەکی، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی کاریگەری هەبوە لە ئاشناکردنی منداڵانی باخچە (ڕەگەزی مێ) بە مافەکانیان.

بۆ زانینی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ (ڕاگەیاندنی پەروەردەیی) لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ (ئاشنابونی منداڵانی ڕەگەزی مێ بەمافەکانیان) لە دوای تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی منداڵەکان، زانیارییەکان لە ڕێگەی (Paired-Samples T-Test) چارەسەرکران وەک لە خشتەی (6) دەردەکەوێت.

خشتەی (6)

قەبارەی کاریگەری ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان بە پێی ڕەگەزی مێ

| گروپ | جێبەجێکردن | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | بەهای کاریگەری هەژمارکراو | بەهای خشتەیی | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| مێ | پێشەکی | 52.47 | 6.549 | 4.443 | 8,٠ | بەرزە |
| | پاشەکی | 83.82 | 2.789 | | | |

وەک لە خشتەی (6) دەردەکەوێت بەهای ناوەندی ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پێشەکی لای ڕەگەزی مێ (52.47) و بەهای لادانی پێوەری (6.549) بو، لە کاتێکدا بەهای ناوەندی ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پاشەکی (83.82) و بەهای لادانی پێوەری (2.789) بو، هەروەها بەهای ژمێرەیی قەبارەی کاریگەریەکە یەکسان بو بە (4.443) کە ئەمەش گەورەترە لە (0.8) بەو واتایەی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆکە لە ئاستێکی بەرزدایە بە پشت بەستن بەهاوکێشەی (کۆهین) بۆزانینی قەبارەی کاریگەری.

- بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی نێر:

بۆ ئەم مەبەستەش ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و بەهای (ت) بۆ جیاوازی نمرەی بەدەستهاتو لە هەردو تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی منداڵانی ڕەگەزی نێر لە گروپی ئەزمونی دۆزراوەتەوە بە بەکارهێنانی t-test) بۆ دو نمونەی پەیوەست بو، وەک لە خشتەی (7) ئاماژەی پێدراوە.

خشتەی (7)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (t-test) بۆ جیاوازی نمرەکانی پێشەکی و پاشەکی بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی نێر

| ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) | | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| 13 | 30.308 | 7.227 | 15.120 | 2.179 | 12 | لە ئاستی (0.05) |

وەک لە خشتەی (7) ئاماژەی پێدراوە ناوەندی ژمێرەیی (30.308) و بەهای (ت) هەژمارکراو دەکاتە (15.120) کە گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی کە (2.179) بو لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) بە نمرەی ئازادی (١٢)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشەکی، کە دەریدەخات بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی کاریگەری هەبوە لە ئاشناکردنی منداڵانی باخچە (ڕەگەزی نێر) بە مافەکانیان.

بۆ زانینی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ (ڕاگەیاندنی پەروەردەیی) لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ (ئاشنابونی منداڵانی ڕەگەزی نێر بەمافەکانیان) لە دوای تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی منداڵەکان، زانیارییەکان لە ڕێگەی (Paired-Samples T-Test) چارەسەرکران وەک لە خشتەی (8) دەردەکەوێت.

خشتەی (8)

قەبارەی کاریگەری ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان بە پێی ڕەگەزی نێر

| گروپ | جیبەجێکردن | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای کاریگەری هەژمارکراو | بەهای خشتەیی | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | پێشەکی | 51.23 | 5.278 | 4.119 | 0.8 | بەرزە |
| | پاشەکی | 81.54 | 3.971 | | | |

وەک لە خشتەی (8) دەردەکەویت بەهای ناوەندی ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پێشەکی لای ڕەگەزی نێر (51.23) و بەهای لادانی پێوەری (5.278) بو، لە کاتێکدا بەهای ناوەندی ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پاشەکی (81.54) و بەهای لادانی پێوەری (3.971) بو، هەروەها بەهای ژمێرەیی قەبارەی کاریگەرییەکە یەکسان بو بە (4.119) کە ئەمەش گەورەترە لە (0.8) بەو واتایەی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆکە لە ئاستێکی بەرزدایە بە پشت بەستن بە هاوکێشەی (کۆهین) بۆ زانینی قەبارەی کاریگەری.

ئەم توێژینەوەیە پێچەوانەی توێژینەوەی (السنجری،٢٠١٨) کە ئەنجامی توێژینەوەکان دەریخستبو کاریگەری ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لای ڕەگەزی نێر زیاتربو، بەبۆچونی توێژەر هۆکاری نەبونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز دەگەڕێتەوە بۆ سەرکەوتویی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە کەمکردنەوەی جیاوازی تاکایەتی لە نێوان هەردو ڕەگەزدا لەلایەک، لە لایەکی دیکەشەوە سروشتی بابەتی مافەکانی منداڵان و بەرنامەی ئامادەکراو لەلایەن توێژەرەوە دەربارەی بەنددەکانی مافی منداڵان هۆکارێکی دیکەن لە کاریگەر نەبونی گۆڕاوی ڕەگەز لە ئاشنابونی منداڵان بەمافەکانیان، بەو پێیەی کە مافەکانی منداڵان تایبەتن بە هەردو ڕەگەز و توێژەریش لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی و ناوەڕۆکی بابەتەکانیدا ڕەچاوی یەکسانی و چونییەکی لە نێوان هەردو ڕەگەزەکەدا کردوە.

- ئامانجی چوارەمی توێژینەوەکە بریتیبو لە زانینی کاریگەری بە بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە ئاشناکردنی منداڵان بەمافەکانیان بەپێی گۆڕاوی تەمەن.
  - بەپێی گۆڕاوی تەمەن چوار ساڵ:

بۆ ئەم مەبەستەش ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و بەهای (ت) بۆ جیاوازی نمرەی بەدەستهاتو لە هەردو تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی منداڵانی تەمەن چوار ساڵ لە گروپی ئەزمونی دۆزراوەتەوە بە بەکارهێنانی (t- test) بۆ دو نمونەی پەیوەست بو، وەک لە خشتەی (9) ئاماژەی پێدراوە.

خشتەی (9)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (t-test) بۆ جیاوازی نمرەکانی پێشەکی و پاشەکی بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان بە پێی گۆڕاوی تەمەن چوار ساڵ

| ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ١٤ | 32.929 | 4.196 | 29.360 | 2.160 | 13 | له ئاستی (0.05) |

وەک لە خشتەی (9) ئاماژەی پێدراوە ناوەندی ژمێرەیی (32.929) و بەهای (ت) هەژمارکراو دەکاتە (29.360) کە گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی کە (2.160) بو لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) بە نمرەی ئازادی (١٣)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشەکی، کە دەریدەخات بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی کاریگەری هەبوە لە ئاشناکردنی منداڵانی باخچە (تەمەن چوارساڵ) بە مافەکانیان.

بۆ زانینی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ(ڕاگەیاندنی پەروەردەیی) لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ (ئاشنابونی منداڵانی تەمەن چوار ساڵ) بەمافەکانیان لە دوای تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی منداڵەکان، زانیارییەکان لە ڕێگەی (Paired-Samples T-Test ) چارەسەر کران وەک لە خشتەی (10) دەردەکەوێت.

خشتەی (10)

قەبارەی کاریگەری ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان بەپێی گۆڕاوی تەمەن چوار ساڵ

| گروپ | جێبەجێکردن | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پیوەری | بەهای کاریگەری هەژمارکراو | بەهای خشتەیی | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تەمەن چوار ساڵ | پێشەکی | 50.00 | 4.297 | 7.846 | 0.8 | بەرزە |
| | پاشەکی | 82.93 | 2.129 | | | |

وەک لە خشتەی (10) دەردەکەوێت بەهای ناوەندی ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پێشەکی لای منداڵانی تەمەن چوار ساڵ (50.00) و بەهای لادانی پیوەری (4.297) بو، لە کاتێکدا بەهای ناوەندی ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پاشەکی (82.93) و بەهای لادانی پیوەری (2.129) بو، هەروەها بەهای ژمێرەیی قەبارەی کاریگەرییەکە یەکسان بو بە (7.846) کە ئەمەش گەورەترە لە (0.8) بەو واتایەی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆکە لە ئاستێکی بەرزدایە بە پشت بەستن بەهاوکێشەی (کۆهین) بۆ زانینی قەبارەی کاریگەری.

- بەپێی گۆڕاوی تەمەن پێنج ساڵ:

بۆ ئەم مەبەستەش ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و بەهای (ت) بۆ جیاوازی نمرەی بەدەستهاتو لە هەردو تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی منداڵانی تەمەن پێنج ساڵ لە گروپی ئەزمونی دۆزراوەتەوە بە بەکارهێنانی (t- test) بۆ دو نمونەی پەیوەست بو، وەک لە خشتەی (11) ئاماژەی پێدراوە.

خشتەی(11)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (t-test) بۆ جیاوازی نمرەکانی پێشەکی و پاشەکی بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان بەپێی گۆڕاوی تەمەن پێنج ساڵ

| ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) | | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ١٦ | 30.125 | 10.032 | 12.011 | 2.131 | 15 | لە ئاستی (0.05) |

وەک لە خشتەی (11) ئاماژەی پێدراوە ناوەندی ژمێرەیی (30.125) و بەهای (ت) هەژمارکراو دەکاتە (12.011) کە گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی کە (2.131) بو لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) بە نمرەی ئازادی (15)، ئەمەش ئاماژەیە بۆبونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشەکی، کە دەریدەخات بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی کاریگەری هەبوە لە ئاشناکردنی منداڵانی باخچە (تەمەن پێنج ساڵ) بە مافەکانیان.

بۆ زانینی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ (ڕاگەیاندنی پەروەردەیی) لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ (ئاشنابونی منداڵانی تەمەن پێنج ساڵ) بە مافەکانیان لە دوای تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی منداڵەکان، زانیارییەکان لە ڕێگەی (Paired-Samples T-Test) چارەسەرکران وەک لە خشتەی (12) دەردەکەوێت.

خشتەی (12)

قەبارەی کاریگەری ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان بەپێی گۆڕاوی تەمەن پێنج ساڵ

| گروپ | جێبەجێکردن | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای کاریگەری هەژمارکراو | بەهای خشتەیی | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تەمەن پێنج ساڵ | پێشەکی | 52.94 | 7.971 | 3.003 | 0.8 | بەرزە |
| | پاشەکی | 83.06 | 3.623 | | | |

وەک لە خشتەی (12) دەردەکەوێت بەهای ناوەندی ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پێشەکی لای منداڵانی تەمەن پێنج ساڵ (52.94) و بەهای لادانی پێوەری (7.971) بو، لە کاتێکدا بەهای ناوەندی ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پاشەکی (83.06) و بەهای لادانی پێوەری (3.623) بو، هەروەها بەهای ژمێرەیی قەبارەی کاریگەریەکە یەکسان بو بە

(3.003) کە ئەمەش گەورەترە لە (0.8) بەو واتایەی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆکە لە ئاستێکی بەرزدایە بە پشت بەستن بەهاوکیشەی (کۆهین) بۆ زانینی قەبارەی کاریگەری.

لێرەدا بەو پێیەی قەبارەی کاریگەری هەژمارکراو لای منداڵانی تەمەن چوار ساڵ (7.846) و لای منداڵانی تەمەن پێنج ساڵ (3.003) بو، کە هەردوکیان ئاماژەن بۆ بەرزی قەبارەی کاریگەری بە بەراوردکردنی بە (0.8) بە هاوکێشەی (کۆهین)، دەردەکەوێت کە گۆڕاوی تەمەن هیچ ڕۆڵێکی نییە لە کاریگەری ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە ئاشناکردنی منداڵانی باخچە بە مافەکانیان.

توێژەر پێیوایە هۆکاری نەبونی جیاوازی بەپێی گۆڕاوی تەمەن دەگەڕێتەوە بۆ سەرکەتویی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە کەم کردنەوەی جیاوازی تاکایەتی لە نێوان هەردو تەمەندا لەلایەک، هەرچەندە گەشەی ژیری و توانای ئەقڵی لەگەڵ گەورەبونی تەمەندا گەشەکردنی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت، بەڵام نەبونی زانیاری پێشوەختەو بایەخ نەدان بە ئاشنانەکردنی منداڵان بە بەنددەکانی مافەکانیان لەلایەن بەخێوکارانیانەوە هۆکارێکی دیکەیە بۆ نەبونی جیاوازی بەپێی گۆڕاوی تەمەن لە ئاشنابونیان بە مافەکانیان.

## ئەنجام:

_ ئاستی ئاشنایی منداڵانی باخچە بە مافەکانیان لە ئاستێکی نزمدایە.

_ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان تاقیکردنەوەی پێشەکی و تاقیکردنەوی پاشەکیدا هاوکات قەبارەی کاریگەریەکە لە ئاستێکی بەرزدایە، جیاوازیەکەش لەبەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشەکیدا بو، ئەمەش دەریدەخات بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی کاریگەری هەبوە لە ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان.

_ گۆڕاوەکانی ڕەگەز (مێ و نێر) و تەمەن (٤-٥) ساڵ، هیچ ڕۆڵێکیان نییە لەسەر کاریگەریی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە ئاشناکردنی منداڵانی باخچە بە مافەکانیان.

## ڕاسپاردەکان:

١- ڕاهێنانی مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەسەر چۆنیتی فێرکردنی منداڵان بە مافە بنەڕەتییەکانیان.

٢- زیادکردنی بەنددەکانی مافەکانی منداڵان بۆ ناو بەرنامە و پرۆگرامی خوێندن بە ڕەچاوکردنی جیاوازی قۆناغەکانیان و جێبەجێکردنی خوێندن و ئاشنابون بەم مافانە لە قۆناغی باخچەوە.

٣- کاراکردنی ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە سەرجەم ناوەندە پەروەردەییەکاندا و دەستپێکردنی لە باخچەی منداڵانەوە تا قۆناغەکانی دواتر.

٤- کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایانی باخچە لەسەر چۆنێتی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە باخچەدا بە مەبەستی گەیاندنی پەیامە مەبەستدارەکان و فێرکردنی مافە بنەڕەتییەکانی منداڵانیش لەو چوارچێوەیەدا.

## پێشنیارەکان:

١. ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە وبە بەکارهێنانی چالاکییە جۆراوجۆرەکانی فێرکردن وەک (چیرۆک و شانۆ و نواندن) کاریگەری لە ئاشناکردن و فێرکردنی منداڵان بە مافەکانیان لە تەمەنە جیاوازەکاندا.

٢. ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی ئاستی هۆشیاری مامۆستایانی باخچە سەبارەت بە بەند و مافەکانی منداڵان.

٣. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە بەکارهێنانی بەرنامەی ڕێنمایی وکاریگەری لە ئاشناکردنی منداڵان بە مافەکانیان و ڕاهێنان لەسەر ئەزمونکردنی.

٤- ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی ئاشنابونی منداڵان بە مافەکانیان و کاریگەری لەسەر دروستکردنی کەسێتی.

# Effect of using educational media in familiarizing children with their rights in kindergartens in Sulaimaniyah

**Khanda Ali Hama Amin[1] - Saber Bakr Mustafa[2] - Yohan Othman[2]**

[1+2]Kindergarten Department, College of Basic Education, University of Sulaimaniyah, Sulaimaniyah, Kurdistan Region, Iraq.

[3]Media Department, College of Humanities, University of Sulaimaniyah, Sulaimaniyah, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

The aim of this study was to determine the level of familiarity of kindergarten children with their rights ,as well as the effect of the use of educational media in familiarizing children with their rights ,and it is affected by variables such as (gender ,age, children' s ranking in the family).

The researcher used an experimental approach, the research community was the (Kurd Genesis / 1 ) kindergarten in the western education directorate in the center of Sulaimaniyah .The sample of study was (30) kindergarten children aged between (4,5) years, were purposely selected , the tool used was individual interviews. The results of study showed that the level familiarity of kindergarten children with their rights is low ,it was found that there was a statistically significant difference between the pretest and the posttest ,and the difference was in favor of the posttest, indicating that the use of educational media had an effect on familiarizing children with their rights.It was also found that the variables (gender ,age ,children' s ranking in the family) had no affect on creating with children' s rights.

**Keywords**: Media, Educational Media, Child, Children's Rights, Kindergartens.

## سەرچاوەکان:


بۆکانی، د. سابیر (٢٠٢٠)، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپی دوەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

فاروق، کەمال ومحەمەد عەبدوڵا کەلاری (٢٠١٣)، دەروونناسیی میدیایی، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

کەرکوکی، حەبیب (٢٠٠٨)، پێشەکیەک بۆزانستی ڕاگەیاندن، ڕابەر ڕەشید، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریان، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی.

اسماعيل، عزيزة ابراهيم مصطفى و اخرون (2013)، دور الاعلام التربوي في اكساب تلاميذ المرحلة الاعدادية المعرفة بحقوق الطفل، مجلة دراسات الطفولة 2014.

امبابي، علي (2007)، الآعلام التربوي المقروء في المؤسسة التعليمية، الطبعة الاولى، منتدى سور الازبكية WWW.BOOKS FOR ALL.NET، العلم والايمان للنشر والتوزيع.

الامم المتحدة، لجنة حقوق الطفل (2005)، اتفاقية حقوق الطفل، الدورة الاربعون –جنيف (12-30 ايلول/سبتمبر 2005).

اوشريف، اميرة (2017)، دور وسائل الاعلام فيحماية حق الاتصالي للطفل في الدول النامية، جامعة الاخوة منتوري قسنطينة، مجلة العلوم الانسانية، عدد 47 المجلد 1/ صفحات 311-322، الجزائر.

البلهان، عيسى محمد والشمري (2019)، اتجاهات مديرات ومعلمات رياض الاطفال نحو الاعلام التربوي و دوره في تنمية السلوك الاخلاقي لدى الاطفال في ضوء بعض المتغييرات في الكويت، جامعة جرش، دار المنظومة، المجلد 20 / العدد 2، الصفحات 563-596.

الحربي، روان سعد عاتق (2020)، حقوق الطفل وتطبيقاتها داخل مدارس مدينة جدة من وجهة نظر المعلمات، جامعة جدة، مجلة العربية لاعلام وثقافة الطفل،المجلد الثالث –العدد 12، السعودية.

بدير، د.كريمان (2014)، الاسس النفسية لنمو الطفل، الطبعة الاولى، دار الميسرة للنشر والتوزيع.

حمزة، اميرة محمد علي و طعماس (2016)، كفاءة التوزيع المكاني لخدمات رياض الاطفال في مدينة الحلة، جامعة بابل، مجلة العلوم الانسانية – كلية التربية للعلوم الانسانية/ المجلد 23 –العدد الاول – 2016.

حوامدة، ابراهيم ماهر محمد واخرون ( ٢٠١٨)، دور الاعلام التربوي في تنمية الوعي السياسي والاجتماعي لدى طلبة المدارس في محافظة جرش من وجهة نظر مديرى المدارس و معلميها وطلبتها، جامعة الاردنية، دراسات- العلوم التربوية، المجلد 45، العدد (4)، ملحق (6) الصفحات (21- 44)، الاردن.

الخليل، ملاك حسين (2015)، تاثير مشاهدة البرامج التلفزيونية في سلوك اطفال مرحلة رياض الاطفال من وجهة نظر الاولياء امورهم، رسالة الماجستير المنشورة، جامعة اليرموك_ كلية التربية.

خليل،ربا معين (2016)، فاعلية برنامج مقترح قائم على الانشطة في تعليم طفل الروضة حقوقه الاساسية واكسابه بعض المهارات الاجتماعية، اطروحة دكتوراه منشورة، جامعة دمشق- كلية التربية، جامعة دمشق، دمشق.

رضوان، د.اسلام محمد السباعي (2018)، واقع تضمين مباديء حقوق الطفل في ادب الاطفال، المجلة العلمية لكلية رياض الاطفال- جامعة بورسعيد، العدد الثاني عشر.

الزبون، سليم عودة واخرون (2016)، درجة المام معلمات رياض الاطفال لمباديء حقوق الطفل المتضمنة في المنهاج الوطني التفاعلي بالاردن من منظور تربوي وقانوني، جامعة الاردنية، دراسات العلوم التربوية، المجلد (43)، الملحق (1)، الصفحة (731-742)، الاردن.

زهران، الدكتور.حامد عبدالسلام (1986)، علم النفس النمو، دارالمعارف، كلية التربية، جامعة عين شمس، دولة الكويت.

سارة، بخة (2011)، دراسة ارغنومية مامدى تناسب الروضة مع الخصائص النمائية للطفل قي سن 3 الى 6 سنوات، رسالة الماجستير المنشورة، جامعة العربي بن مهيدي – ام البواقي – كلية الاداب واللغات، الجزائر.

سليمان، علي السيد (2015) سيكولوجية النمو و النمو النفسي للعاديين وذوي الاحتياجات الخاصة، الطبعة الاولى، دار الجوهرة لنشر، القاهرة.

السنجري، محمود علي حسن (2018)، درجة تاثير الاعلام التربوي في القيم الاجتماعية لدى طلبة المرحلة الثانوية من وجهة نظر معليمهم في العراق، جامعة ال البيت _كلية العلوم التربوية /قسم المناهج والتدريس.

صالح، د.اسمى نوري (2015)، دور البرامج الاطفال في القنوات الفضائية العربية المتخصصة في تثقيف الطفل، الطبعة الاولى، دارغيداء للنشر، عمان.

الصعيدي، طارق محمد محمد (2005)، دور الاعلام التربوي في تنمية الوعي الاعلامي لدى تلاميذ المرحلة الاعدادية، لطروحة دكتوراه منشورة، كلية معهد دراسات العليا للطفولة، جامعة عين الشمس، دولة الكويت.

الضبياني، عامر محمد (2019)، الاعلام التربوي وتطبيقاته في المؤسسات التعليمية، جامعة ذمار، مجلة الرسالة الدراسات الاعلامية، المجلد (3 العدد 1/ مارس 2019)، صفحة (11 ـــ-34)، اليمن.

عبدالنعيم، د.يمنى محمد عاطف (2020)، اتشراف مستقبل الاعلام المرئي الموجه للطفل عبر القنوات الفضائية المصرية في ضوء كتيب المعايير الاعلامية، مجلة البحوث الاعلامية، العدد الرابع والخمسون –الجزء السادس.

عبدوش، رهادة (2014)، حقوقي في اتفاقية حقوق الطفل، الطبعة الاولى، بيت المواطن للنشر والتوزيع، دمشق.

العبيدي، شلال عواد سليم (2018)، اليات تفعيل المعاهدات المتعلقة بحقوق الاطفال اللاجئين السوريين، Route Educational and Social Science Journal ISSN:2148-5518، volume 5(3).

على، د.هناء السيد محمد (2016)، الدور التربوي للاعلام المدرسي في تنمية القدرات الابداعية للطلاب، كلية التربية النوعية –جامعة المنوفية، المجلة العلمية لكلية التربية النوعية، العدد السادس-ابريل 2016.

عيشة، بسام مصطفى (2020)، يونيسيف لكل طفل –رصد وتقييم حقوق الاطفال في امؤسسات الايوائية، نشر بواسطة الرابطة التونسية للدفاع عن حقوق الانسان، تونس.

قطامي، د.نايفة و الرفاعي (2001)، نمو الطفل و رعايته، الطبعة الاولى، دار الشروق للنشر، عمان.

قطران، الدكتور حاتم (2014)، حقوق الطفل في تشريعات دول مجلس التعاون بعد 25 عاما، الطبعة الاولى، دار النشر المقصورة، عمان.

كرم الدين،د.ليلى (2012)، طفل ماقبل المدرسة والكتاب،مجلة نصف سنوية، ادب الاطفال – دراسات وبحوث –العدد الرابع–دار الكتب والوثائق القومية.

المحروقي، ماجد بن ناصر بن خلفان (2021)، العالم الرقمي وتاثيراته على حقوق الطفل، مجلة افاق للعلوم، المجلد 6 –العدد 2،صفحات 32–50.

محمد،جميل خليل (2014)، الاعلام والطفل، الطبعة الاولى، دار المعتز للنشر، الاردن –عمان.

المر، د. عايدة محمد عوض و المعبي (2019)، فعالية برنامج تدريبي لتنمية الوعي بحقوق الطفل باستخدام انشطة الاعلام المدرسي لدى تلاميذ المرحلة الابتدائية، العدد (834).

الملا، ليلى احمد (2016)، حقوق الطفل في القانون الدولي لحقوق الطفل والقانون الاتحادي رقم (3) لسنة 2016 (وديمة)، قسم الدراسات –قطاع حقوق الانسان،دبي.

منتدى الاتفاقية حقوق الطفل (2020) جمعية اصدقاء الاطفال – المغرب.

منصور، د. طلعت (2014)،مشاركة الاطفال تمكين وحماية.. تنمية واستدامة، الطبعة الاولى، دار النوبار القاهرة –مصر.

منظمة الامم المتحدة للطفولة (يونيسيف) (2019)، لكل طفل كل حقوقه –اتفاقية حقوق الطفل على مفترق طرق،نيويورک.

ميلاد، الدكتور.محمود محمد (2015)، علم النفس النموالطفل المعرفي، الطبعة الاولى، دارالعصار العلمي، كلية التربية، جامعة دمشق، الاردن –عمان.

هاماربري، توماس (2015)، اتفاقية حقوق الطفل –كتيب عن اتفاقية حقوق الطفل، طباعة ineko AB ،استوكهولم.

.وسام، العجرود (2017)، دور رياض الاطفال في اعداد الطفل لمرحلة الابتدائية، رسالة الماجستير المنشورة، جامعة محمد الصديق بن يحي جيجل _ كلية العلوم الانسانية والاجتماعية.

Oxford Advanced Learner's Dictionary (2006)

Theis, Joachim (2018) network, The State Of International Children's Rights, CPC learning.